# ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی

## توێژینەوەیەکی ڕوپێویە لەسەر نموونەیەك لە خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن و بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆی سلێمانی

**کاوە عزالدین عبدالرحمن، شاهۆ خوارحم کریم**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی پەروەردەی میدیایی دەیگێڕێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زانیارییە ساختانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییەوە، هەروەها دەرخستنی ڕۆڵی پەروەردەی میدیاییە لە پەرەپێدانی کارامەیی لەسەر ئاستی(کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەڕێبازی ڕوپێویان بەکارهێناوە، توێژەران پێوەری پەروەردەی میدیاییان لەسەر نموونەیەك لە خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندنو بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی بەڕێگای قەتیسکردن"حصر الشامل"جێبەجێکرد، کە ژمارەیان (161) خوێندکار بوو، دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری(SPSS)ەوە، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆرباشدایە، هەروەها جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەبووە لە تێڕوانینی بەرتوێژان سەبارەت بەگرنگی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی بەپێی گۆڕاوە دیموگرافییەکانی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون). سەرباری ئەوەش دەرکەوتووە کە پەروەردەی میدیایی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە.

**کلیلە وشەکان:** پەروەردەی میدیایی - زانیاری ساختەی میدیایی.

## پێشەکی

لەم سەردەمەدا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا سات لە دوای سات پێشهاتی خێراو سەرسوهێنەر بەخۆوەدەبینێ، بەتایبەت لە بواری گەیاندنو ڕاگەیاندندا، کە نەك هەر جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووك، بەڵکو ئێستا جیهان لەناو دەستماندایە، ئەم پێشکەوتنە زانستیو تەکنەلۆجیانە جێپەنجەیان لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەجێهشتووە، ئەمەش وایکردووە ئامرازەکان لێکەوتەی ئەرێنیو نەرێنیان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەبێت، بۆیە پەروەردەی میدیایی بووەتە بابەتێکی لەپێشینەی زۆر ێك لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانو پرۆژەیەکی ئەکادیمی گرنگ لە پرۆگرامی گشتی زانکۆکان، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو بووەتە پێویستییەکی بوونگەرایی بۆ پاراستنی گەنجانو بنیاتنانی نەوەیەك کە توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هۆشیارانەیان هەبێت کە ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بێتو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەرەوپێش ببات‌و بەرەنگاری وابەستەیی کەلتوریو نامۆبوونی مەعریفیو ساختەکردنی سیستماتیکیو تەمومژاوی ڕاستییەکان ببێتەوە. ئەمەش لەپێناوی ئەوەی جەماوەر لە پەیامی ئامادەکراو ڕزگار بکاتو خۆی بەشدار بێت لە کرداری بەرهەمهێنان، نەك تەنیا بەکارهێنەر بێت.

## تەوەری یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### 1.1 کێشەی توێژینەوە

لەبەرڕۆشنایی پێشکەوتنو بەربڵاویو فراوانی تەکنەلۆجیای زانیاریو زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، کە بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا کاریگەرییان لەسەر دیدو بۆچوونو ئاڕاستەی تاکەکان بەگشتیو خوێندکاران بەتایبەتی هەیە، پەروەردەی میدیایی وەك پێویستییەکی هەنووکەییو پرۆگرامێکی ئەکادیمی هاوچەرخ بۆ پاراستنی تاکەکان لە کاریگەرییە نەرێتییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەریهەڵداوە، ئەویش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانو فراوانکرنی توانای بیرکنەوەی ڕەخنەگرانەیان، بەجۆرێك کە بتوانن زانیارییە ڕاستەکان لە زانیارییە ناڕاستو چەواشەکارییەکان جیابکەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکە بداتەوە کە ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختە لای خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندنو بەشی باخچەی منداڵانی لە زانکۆی سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟ دوابەدوای ئەمەش چەند پرسیارێک لەنێوکۆی پرسیاری سەرەکی هاتۆتە بوون:

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (18)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp79-96

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 30 نيسان 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : shaho.kareem@univsul.edu.iq, kawa.abdulrahman@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © كاوه عزالدين عبدالرحمن، شاهۆ خوارحم كريم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

1. ئایا ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لــــە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســاختە لە میدیاکاندا لای نموونەی توێژینەوەکە لە چ ئاستێکدایە؟
2. تا چ ڕادەیەك پەروەردەی میـدیایی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســاختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێـــــی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون)؟
3. کامـانەن گرنگترین ئەو ئـامرازانەی ڕاگەیانـدن کە لای نموونەی توێژینەوەکە سودیان لێوەرگیراوە؟
4. ئـایا پەروەردەی میـدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە چ ڕۆڵێـک دەگێڕێـت لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان)؟

### 2.1 بایەخی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانســـتییە بۆ پێوانەکردنی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ســـاختە لەمیدیادا، لای بەرتوێژان، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا ئاماژە بەگرنگییەکەی بکەین:

1. دەروازەیەکە بۆ تێگەیشــتن لە چەمكو پایەکانی پەروەردەی میدیایی، کە بۆتە پێویسـتییەکی نیشـتمانی بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەســەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیامە میدیاییەکانو بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن.
2. توێژینەوەکە زەمینەخۆش دەکات بۆ دارشــــتنی پرۆگرامی هاوچەرخ لەلایەن پســپۆڕانو شـارەزایانەوە کە بتوانرێت کارامەییەکانی کۆزانینو شـیکردنەوەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای خوێندکارانی زانکۆ پەرەپێبدات.
3. توێژینەوەکە هۆشـــیاری تاکەکان لەبارەی مەترســـییەکانی بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیانـدن زیاتر دەکات، بەتایبەت لەئێســـتادا کە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاسـتو چەواشـەکاری بەهۆی سـەرهەڵدانی زیرەکی دەسـتکردەوە زیاتر بووە.
4. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ جێگیرکردنی ئەو لێهاتووییانەی کە پێویستە لە پرۆگرامی پەروەردەی میدیایی لە ناوەندەکانی خوێندندا بەتایبەتی زانکۆکان جێگیربکرێن.
5. توێژینەوەکە دەبێتە سـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خوێندکارانو توێژەرانی داهاتوو، بەتایبەت ئەوانەی کە لەبارەی پەروەردەی میدیاییەوە دەنووســـنو لێکۆڵینەوە دەکەن.

### 3.1 ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت:

1. زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لــــە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختە لە میدیادا، لای نموونەی توێژینەوەکە.
2. زانینی گرنگی ڕۆڵی پەروەردەی میـدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیـاری ســاختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێـــــی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون).
3. دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە سـوودیان لێوەرگیراوە لای نموونەی توێژینەوەکە.
4. دەرخسـتنی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لەسـەر پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە.

### 4.1 سنوری توێژینەوە

1. **ســـنوری بابەتی:** توێژینەوەکە ســـنوردارە بەزانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.
2. **ســـنوری جوگرافی:** زانکۆی ســلێمانی؛ توێژینەوەکە هەردوو بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێجی زانســــتەمرۆ ڤایەتییەکانو بەشی باخچەی منداڵان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی دەگرێتەوە.
3. **ســـنوری مرۆیی:** توێژینەکە بەســەر گشــت خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی ڕاگەیانـدنو قۆناغی ســێیەمی بەشی باخچەی منـداڵان لە زانکۆی ســـلێمانی جێبەجێکراوە.
4. **ســــنوری کاتی:** لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لە ڕۆژی 10ی ئایاری 2025 بۆ 20ی ئایاری 2025 جێبەجێکراوە.

### 5.1 دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان

1. **ڕۆڵ (Role):**

- کۆمەڵێك کارو ئەركو بەرپرســیاریتی چاوەڕوانکراوە، کە دەتوانرێت لەلایەن ڕێکخراوێك یان سـێکتەری دامەزراوەیەکەوە ئەنجامبدرێت، لەپێناو گەیشـتن بەهەندێك ئامانجی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگەدا.(خلف،40:2019)
- کۆمەڵێـك ئەرك یان ڕەفتـاری چـاوەڕوانکراوی ئەرێنی یان نەرێنییە، کە دەکرێـت لەلایەن تاکێـك یان ڕێکخراوێکی مرۆیی یاخود میـدیایەکەوە ئەنجامبدرێت، ئەم ڕۆڵانە یەکســـان نین، بەڵکو جیاوازن، ئەمەش بەندە بەو ئەرکانەی کە لە چـــوارچـێـــوەی شـــــوێـنـــکـاتی جـیـــاوازدا دەیگێڕێت.(عبدالرحمن،179:2019)
- **پێناســـەی تیۆری:** کۆمەڵێـك ئەركو چالاکی هەمەلایەنە، کە لە ڕەفتـاردا ڕەنگـدەداتەوەو لە بارودۆخێکی دیاریکراودا لێکەوتەی ئەرێنیو نەرێنی بەدوایخۆیدا دەهێنێت.
- **پێناسەی ڕێکاری:** لەم توێژینەوەدایە بەمانای ئەو ڕۆڵانە دێت کە پەروەردەی میدیایی دەیگێڕێت بەمەبەســـتی ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســـاختە لە میـدیادا؛ بەجۆرێـک خوێنـدکاران ئـامادە دەکرێن کە توانای تێگەیشـــتنو شــیکردنەوەو ڕەخنەگرتنو هەڵبژاردنی پەیامی میدیاییان بۆ دروســت ببێتو دواجار لە لێکەوتە ئەرێنیو نەرێنییەکانی بە ئاگابن.

2. **پەروەردە (Education):**

- **پەروەردە ئەو ئـامرازەیە کە بۆ گواســـتنەوەی بیروباوەڕو کۆزانینو ئاکار لە** نەوەی پێشووەوە بۆ نەوەی دواتر بەکاردەهێنرێت.(بکار،30:2011)
- کۆمەڵێك پرۆســـەیە کە کۆمەڵگە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کۆزانینو ئامانجە بەدەســتهێنراوەکانی بگوازێتەوە، بەمەبەســتی پاراســتنو مانەوەو نوێبوونەوەی بەردەوامو گەشەکردنی.
- **پێناســـەی تیۆری:** پێویســـتییەکی کۆمەڵایەتیو تاکەکەســـییە، کە کۆمەڵێك ڕەفتـارو بیرکردنەوەو کاریگەری لەخۆدەگرێـت، لەپێنـاو گەشـــەکردنی توانا بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە.

سروشـتییەکان کە لە تاکدا ئامادەگیان هەیەو یارمەتیدەدات بۆ مانەوەو گونجاندنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا.

- **پێناسـەی ڕێکاری:** لەم توێژینەوەیەدا بەمانای ئاشـناکردنی خوێندکاران دێت بەمافو ئەرکەکانیان لەڕووی مامەڵەکردن‌و بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازو پەیامە میدیاییەکان، بۆئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەرو ئەرێنی لە گەشـەپێدانی کۆمەڵگەدا ببینن.

3. **پەروەردەی میدیایی (Media Education):**

- تەنیا پرۆژەیەکی بەرخۆدان نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی بەهێزکردنیشـە، بەئامانجی ئامادەکردنی جەماوەرو گەنجان بۆئەوەی لە کەلتوری میدیایی دەوروبەریان تێبگەن‌و بەباشی هەڵبژاردن‌و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن‌و بەشـێوەیەکی کاراو کاریگەیش بەشداری تێدا بکەن.(الشميري،19:2010)

- بریتییە لە بنیاتنانی هۆشـیاری جەماوەری‌و ئاراستەکردنیان بەرەو هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی ئەرێنی بەنرخو بەسـود،و هـانـدانیـان بۆ بەشـداریکردن لە پێشکەشکردن‌و پەرەپێدانی ناوەڕۆکی جیاوازو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی داهێنەرانە، ئەوەش بەئامانجی ڕێکخسـتنی میدیاو بنیاتنانی تێگەیشـتنی گشـتی کۆمەڵگەو باشـترکردنی ڕێکخسـتەکەی لەڕووی بەهاو ئاکارەوە.(أحمد والغمري،25:2022)

- **پێناسەی تیۆری:** بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما کە لە ڕێگەیەوە کارامەیی‌و کۆزانین بەدەستدەهێنرێت، بەمەبەستی شیکردنەوەو بەرهەمهێنان‌و هەڵبژاردنی ئامرازو پەیامو ناوەڕۆکی میدیایی گونجاو و دوورکەوتنەوە لە چوارچێوە نەرێنییەکان.

- **پێناسـەی ڕێکاری:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەسـت لێـی ئەو کارامەیی‌و ئەزموونانەن کە خوێندکاران پێیدا تێپەڕدەبن‌و ڕاهێنانی لەسـەر دەکەن، لەپێناو باشـتر مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکان‌و سـودوەرگرتن لە پەیامە ئەرێنییەکان‌و ڕەتکردنەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەڕۆکە نەرێنییەکان.

4. **زانیاری ساختەی میدیایی (Media misinformation):**

- بەکارهێنانی شـێوازەکانی سـاختەکاری‌و فریودانی میدیایی‌و هەندێك ڕێگەی دیکەیە لە دژی حکومەت یان کەسـێتی یاخود سـیاسـەت‌و بیروباوەڕێکی دیاریکراو.(العربية،58:2008)

- یەکێکە لە ئامرازەکانی پڕوپاگەندەو جەنگی دەروونی لە چوارچێوەی جەنگی میـدیاییـدا، کە پەخشـکردن‌و بڵاوکردنەوەی زانیـاری لەخۆدەگرێـت،و زۆربەشیان درۆی هەڵبەستراون، بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بەئاڕاستەیەکی دیاریکراو و کاریگەر لەسەر هەڵبژاردن‌و بڕیارەکانیان یان دروسـتکردنی دۆخێکی سـاختەی قەناعەتبەش بەئامانجی چەواشـەکردنی بەرامبەر .(الطعاني،169:2020)

- **پێناسـەی تیۆری:** بریتییە لە پرۆسـەی خراپ بەکارهێنانی ئامرازە کۆنباو و نوێباوەکانی ڕاگەیاندن لەڕووی داڕشـتن‌و تەکنیکییەوە لەپێناوی شـێواندنی ڕایگشتی‌و شاردنەوەی ڕاستییەکان.

- **پێناسەی ڕێکاری:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێـی ئەو هەواڵ‌و زانیاری‌و پەیامـانەن، کە خوێنـدکاران بەرکەوتنیـان دەبێـت لەگەڵیـانـداو هەڵگری ناوەڕۆکێکی ساختەن‌و بەلاڕێیاندا دەبەن.

### 6.1 توێژینەوەکانی پێشوو

1. **توێژینەوەی (حاتم، 2024)**

بەناونیشـانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە بەرزکردنەوەی هۆشـیاری میدیایی بەرامبەر بەناوەڕۆکی خراپی ئۆنلاین‌و تەلەفزیۆن)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیاییە لە بەرزکردنەوەی هۆشـیاری میدیایی لای وەرگر، هەروەها زانینی کاریگەری پەروەردەی میدیاییە وەك وانەیەك کە بەشـدارە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری لای وەرگر، لەگەڵ زانینی بەشداری پەروەردەی میدیایی لە دروسـتکردنی کەسـێتییەکی هۆشـیاری میدیایی. بۆ گەیشـتن بەم ئامانجانە توێژینەوەکە پشـتی بەمیتۆدی وەسـفی پاڵپشـت بەڕێبازی ڕوپێوی بەسـتووە، توێژەر لە ڕێگەی پرسـیارنامەیەکەوە کە بەسـەر (145) خوێندکاری بەشی ڕۆژنامەو پەیوەندییە گشتییەکانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی ئادابی زانکۆی واست وەك نموونەی توێژینەوەکە دابەشـیکردووە، داتاو زانیـارییەکانی کۆکردۆتەوە. توێژینەوەکە دەریخسـتووە کە پەروەردەی میدیایی هۆشـیاری خوێندکاران بۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـدا بەرز دەکاتەوەو ڕێنماییـان دەکات چۆن ناوەڕۆکی گونجاو هەڵبژێرن‌و خۆیان لەناوەڕۆکی خراپ بەدوور بگرن، هەروەها پەروەردەی میدیایی یارمەتیدەرە لە دروستکردنی کەسێتییەکی هۆشیاری میدیایی کە بەشـدارییەکی ئەرێنی هەیە لە شـۆڕشی نوێی گەیاندن‌و چاندنی هەسـتی بەرپرسـیارێتی، توێژینەوەکە سـەلماندوویەتی کە بەهۆی نەبوونی سـانسـۆرو لێپرسـینەوەوە، تیك تۆك بووەتە بەرهەمهێنەری سـەرەکی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی خراپی میدیایی.(حاتم،2024:527-555)

2. **توێژینەوەی (علی، 2023)**

ب بەناویشـانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە بەرزکردنەوەی هۆشـیاری وەرگر)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی بنەماکانی دامەزراندن‌و باشترکردنی ڕۆڵی پەروەردەی میـدیاییە بۆ بەهێزکردنی بەهـا ئەرێنییەکان‌و دەسـتکاریکردنی گۆڕینی بەهـا نەرێنییەکان، هەروەهـا زانینی ئەو لێهاتووییـانەی کە پێویسـتن بۆئەوەی وەرگر ئاگاداری پەروەردەی میدیایی بێت، لەگەڵ پەرەپێدانی هۆشـیاری وەرگر بۆ هەڵسـەنگاندنی پەیامەکانی میدیا. بەمەبەسـتی گەیشـتن بەم ئامانجانە، توێژینەوەکە پشـتی بەمیتۆدی وەسـفی بەسـتووەو ڕێبازی ڕاپرسی میدیایی بەکارهێناوە، لە ڕێگەی پرسـیارنامەیەکەوە کە بەسـەر نموونەیەکی مەبەسـتداری (51)کەسـیدا دابەشکراوە، داتاو زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە. لە کۆتاییدا گەیشـتووە بەو ئەنجامەی کە زۆرینەی بەرتوێژان پشـتگیری لەوە دەکەن کە پەروەردەی میدیایی مرۆڤ گونجاو و هاوئاهەنگ دەکات لەگەڵ ژینگەکەیدا، هەروەها تاك هۆشـیار دەکات بەرامبەر بەمافو ئەرکەکانی، سـەرباری ئەوەش وادەکات کە وەرگر لە پاشـخان‌و پەیامی میدیایی تێبگات.(علي،2023:52-77)

3. **توێژینەوەی (عبدالرزاق، 2023)**

بەناونیشـانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە چەسـپاندنی بەهاکان لای خوێندکاران)، ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی چەمکی پەروەردەی میـدیاییە لەڕووی چواچێوەی تیۆرییەوە، هەروەهـا دیاریکردنی مەبەسـت لە بەهـاکان لای

خوێندکاران‌و خستنەڕووی پێشنیاز بۆ باشترکردنی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە چەسپاندنی بەهاکان لای خوێندکاران. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە. لەکۆتاییدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە پەروەردەی میدیایی لەناو خوێندکاراندا بەتایبەت لەسەر ئاستی زانکۆ لاوازەو هیچ هەمئاهەنگییەکیش لەنێوان بەشەکانی پەروەردەو کۆلێجەکانی ڕاگەیاندندا نییە، چەندین هۆکار هەن کە وا دەکەن چاوخشاندنەوە بەپەروەردەی میدیاییدا بکرێت بەمەبەستی بەرخۆدانی لادانی ئەخلاقی لەناو خوێندکاراندا. توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەروەردەی میدیایی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ڕێنماییکردنی خوێندکاران بۆئەوەی لە سەردەمی جیهانگیریدا بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ بەهاکاندا بکەن.(عبدالرزاق،2023:846-869)

### 4. توێژینەوەی (إبراهيم وصبيرة، 2022)

بەناونیشانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە پەرەپێدانی هۆشیاری لە ناوەڕۆکی ناڕاست‌و چەواشەکارانە لە سایتەکانی سۆشیالمیدیا)، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیاییە لە بەرخۆدانی ناوەڕۆکی ساختەو ناڕاستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان‌و زانینی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەبارەی ئەو ناوەڕۆکە ساختەو چەواشەکارییانە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستووە، لەکۆتاییدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە زیادبوونی خزمەتگوزاری پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمیدیا بووتەهۆی نەك تەنیا بەکارهێنانی ئەرێنی، بەڵکو بەکارهێنانی نەرێنی‌و زیانبەخش، وەك دووبارەکردنەوەی زانیاری، شاردنەوەی ناسنامە، کارەکتەری بێ کەسێتی‌و سازشکەرو بڵاوکردنەوەی دەنگۆو زانیاری ناڕاست‌و ساختە. بەڵام بەهۆی پەروەردەی میدیاییەوە هۆشیاریی‌و بەئاگابوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە هەیە بەرامبەر بەهەواڵ‌و زانیاری ناڕاست، بۆیە پەروەردەی میدیایی بووەتە پێویستییەکی دانەبڕاوی سیستمی پەروەردەو بەشدارە لە پاراستنی تاکەکان لە زانیاری ناڕاستی میدیایی.(إبراهيم وصبيرة،2022:1-20)

### 5. توێژینەوەی (مدفونی، 2018)

بەناونیشانی (میدیاو کۆمەڵگە ... پەروەردەی میدیایی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری هەڵە)، توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر چەمکەکانی پەروەردەی میدیایی‌و زانیاری هەڵەی میدیایی‌و ژینگەی گەیاندنی پێناسەکردووە، پاشان بەشێوەیەکی تیۆری ڕۆشنایی خستۆتەسەر بابەتی پەروەردەیی میدیایی وەك پێویستییەکی هەنووکەیی‌و میکانیزمێکی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ساختەکردنی ڕاستییەکان‌و ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی‌و ئابووری‌و کەلتوریی لە پەیامی میدیاییدا دەکرێت. دواجار گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەهۆی پەروەردەی میدیاییەوە نەك هەر تەنیا تاکەکان لەسروشتی میدیا تێدەگەن‌و ڕووبەڕووی زانیاری هەڵەی میدیایی دەبنەوە، بەڵکو گرنگی بەپەرەپێدانی ئەو لێهاتووییانەش دەدەن کە لە دروستکردنی هاووڵاتی بەئاگاو پارێزراودا بەشدارن، بۆئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر کارلێك بکەن‌و کارامەتر بن، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی میدیاو ناوەڕۆکی گەیاندن بەشێوەیەکی بنیاتنەر.(مدفوني،2018:163-175)

### 6. توێژینەوەی (نبار، 2017)

بەناونیشانی (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە بەرخۆدانی کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا لەسەر منداڵان)، ئەم توێژینەوەیە پاڵپشت بەمیتۆدی وەسفی ڕۆشنایی خستۆتەسەر گرنگی پەروەردەی میدیایی وەك پێویستییەك بۆ بنیاتنانی وەرگرێکی هۆشیاری ڕەخنەگر کە توانای تێگەیشتن لەو پەیامە میدیایانەی هەبێت کە بەرکەوتەی دەبێت، هەروا توانای شیکردنەوەو جیاکردنەوەی سودبەخش لەزیانبەخشی هەبێت. لەکۆتاییدا توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەروەردەی میدیایی توانای تاکەکەسە بۆ بیرکردنەوە لەو ناوەڕۆکەی بەرکەوتەی دەبێت. لێرەشەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پەروەردەی میدیایی پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ پاراستنی تاك‌و کۆمەڵگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا، بۆیە بەپێویستی دەزانێت هانی منداڵان‌و هەرزەکاران بدرێت کە بەهۆشیاری‌و بەرپرسیارانەوە بەشداری ئەو بەرنامانە بکەن کە تەماشای دەکەن، لێهاتووی‌و کارامەییان بۆ ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی میدیایی پەرەپێبدرێت.(نبار،2017:78-86)

### 7. توێژینەوەی (أحمد وآخرون، 2017)

بەناونیشانی (کاریگەری پەروەردەی خوێندەواری میدیا لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی خوێندکاران)، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بووە بۆ کاریگەری پەروەردەی خوێندەواری میدیایی لەسەر توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە شاری ورمێ، توێژینەوەکە متیۆدی ئەزمونی بەکارهێناوەو بۆ ئەومەبەستەش نموونەی توێژینەوەکە بەسەر گروپی ئەزموونی‌و گروپی کۆنترۆڵدا دابەشکراوە، کە هەریەك لە گروپەکان (16) خوێندکاری تێدا بووە، یەکێك لە گروپەکان خوێندکارەکان بەشێوەی هێشووی هەڵبژێردراون، خوێندکارانی گروپەکەی دیکەش بەشێوەی کۆنترۆڵ دیاریکراون. دوای خوێندنی هەشت وانەی پەروەردەیی میدیایی، پرسیارنامەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کالیفۆرنیا (CCTST) B بەسەر نموونەی ئەزموونی جێبەجێکراوە. لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پەروەردەی خوێندەواری میدیایی کاریگەری هەبووە لەسەر هەر پێنج کارامەیی (بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، شیکردنەوە، دەرئەنجام، هەڵسەنگاندن، هەڵهێنجان‌و پێوانەکردن) لای خوێندکاران.(أحمد وآخرون،2017:120)

## سەرنجدان لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو

1. هەریەك لەتوێژینەوەکانی (حاتم 2024، علي 2023، عبدالرزاق 2023، إبراهيم وصبيرة 2022، نبار 2017) باسیان لەڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە (بەرزکردنەوەی هۆشیاری‌و چەسپاندنی بەهاکان‌و ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا) کردووە، بەدیاریکراوی باسیان لە ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی نەکردووە، ئەمەش توێژینەوەی ئێستا لە توێژینەوەکانی پێشوو جیادەکاتەوە.
2. لەڕووی میتۆدەوە سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، تەنیا توێژینەوەی (أحمد وآخرون، 2017) نەبێت، کە میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە، هەندێکیشیان ڕێبازی جیاوازیان بەکارهێناوە. توێژینەوەکانی (مدفونی 2018، عبدلرزاق 2023، إبراهيم وصبيرة 2022، نبار 2017) پشتیان بەڕێبازی تیۆری بەستووە، لەکاتێکدا هەردوو توێژینەوەی (حاتم، 2024)و (علی، 2023) فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، بەسودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، توێژینەوەی ئێستا میتۆدی وەسفی ڕوپێوی‌و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

3. تـوێـژیـنـەوەی (مـدفـونی 2018) کە باسی لە پەروەردەی مـیـدیایی بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری هەڵە کردووە، زۆر لە توێژینەوەی ئێستاوە نزیکە، بەڵام لەڕووی جێبەجێکردنەوە جیـاوازن، توێژینەوەی (مـدفونی 2018) تیۆرییەو توێژینەوەی ئێستا مەیدانییە.
4. لەڕووی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەوە، زۆربەی توێژینەوەکان تیۆرین، توێژینەوەی (أحمد وآخرون، 2017) خوێندکارانی قۆناغی هەشـتـەمی بنەڕەتی لەشـاری ورمێی ئێران وەك نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، بەڵام هەردوو توێژینەوەی (حاتم، 2024)و (علی، 2023) خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندنیان وەك نموونەی توێژینەوەکانیان وەرگرتووە، توێژینەوەی ئێستا سودی لە نموونەی ئەم توێژینەوانە وەرگرتووە، بەڵام لەڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوەوە جیاوازن.
5. لەڕووی ئامانجو ئامرازو کەرەسـتـەی ئاماریو پرسـیارنامەوە؛ توێژینەوەی ئێستا بەشێوەی جیاواز سودی لەسەرجەم توێژینەوەکان وەرگرتووە.

## تەوەری دووەم
## پەروەردەی میدیاییو زانیاری ساختە میدیایی

### 1.2 دەروازەی تیۆری توێژینەوەکە

توێژەران پشـتـیان بەڕێبازی پارێزگەرایی لە کاریگەرییەکانی میدیاو تیۆری میدیاو هەستەکان بەستووە.

### یەکەم / ڕێبازی پارێزگەرایی (Protectionist approach)

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری خۆیدا پشـتـی بەڕێـبازی پـارێزگەرایی بەستووە، کە یەکێکە لە کۆنترین ڕێبازەکان کە لە پەروەردەی میدیاییدا بەکاردەهێنرێت، لەسـەرەتادا ئەم ڕێـبازە جەختی لەسـەر پرچەککردنی خوێـندکاران دەکردەوە بۆ خۆبەدوورگرتنو بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسـییانەی کە بەشـێوازی جۆراوجۆر لە میـدیاکانەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەتایبەت کاریگەرییە نەرێنییەکانو زانیـارییە ناڕاستەکان، بەڵام دوای پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیاو سەرهەڵدانی ئینتەرنێتو ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، ئەم ڕێبازە پەرەی زیاتری پێدراو ئێستا پەروەردەی میدیایی نەك تەنیا وەك جۆرێك لە خۆپاراستن، بەڵکو وەك فۆرمێك بۆ ئامادەسازی بەشداریکردن (Preparation for participation)ی خوێنـدکاران لەو کەلتورە میـدیاییەی دەورەی داون تەماشا دەکرێت.(Buckingham,2001:8-10) ئەوانەی پەروەردەی میـدیایی دەخوێنن لەوبارەیەوە شـارەزایی وەردەگرن، ڕۆڵێکی چالاك دەگێڕن لە بەدەسـتـهێنانی زانیاریو لێهاتووی نوێدا، ئەوان دەتوانن بەتەواوی وەك بەکاربەرو تاکێکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە میـدیادا بەشـداری بکەن. نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو زۆرێك لە زانایان دەستڕاگەیشتنو تێگەیشتن لە میدیای هاوچەرخ وەك لایەنێکی گرنگی هـاوولاتیبوون بەگشـتی سـەیر دەکەن.( Erstad & Amdam,2013:91)

ئـامـانجی پەروەردەی میـدیایی تەنیـا ئەوە نییە کە گەنجـان لە کاریگەرییەکانی میـدیا بپارێزێتو بەرەو شـتـە باشـەکان ئاڕاسـتـەیان بکات، بەڵکو لێهاتوویەکانیان پەرە پێدەدات بەجۆرێك کە توانای تێگەیشـتنو هەڵسـەنگاندنو شـیکاری ڕەخنەییو بەرهەمهێنانی پەیامی میدیاییان هەبێت. مەبەست لە بەشداریکردنی منداڵانو گەنجان لە بەرهەمهێنانی میـدیایی، پەرەپێـدانی توانای داهێنەرانەی گەنجـانە بۆئەوەی ببێتە بنەمایەك کە لە داهاتوودا کاری لەسـەر بکەن، ئەگەرنا پەروەردەی میدیایی بەپلەی یەکەم کارێکی پیشــەیی نییە، ئـامـانجی ڕاهێنـانی بەرهەمهێنەرانی تەلەفزیۆنیو ڕۆژنامەنووسـان نییە، ئەوە ئەرکێکە لەئەسـتۆی خوێندنی باڵاو خودی پیشـەسـازی میدیادایە.

ئامادەسازی خوێندکاران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانو بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنانی میدیایی، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی تێڕوانینەکان لەبارەی میدیاو ڕێکخستنی میدیا، چونکە بەهۆی پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆجیا کارێکی ئەستەمە دەستڕاگەیشتنی منداڵانو گەنجان بە ئامرازەکانی میدیا کۆنترۆڵو سـنووردار بکرێت، لەبری ئەوە جەخت لەسـەر هۆشـیارکردنەوەی بەکاربەر دەکرێتەوە. هەروەها تەنیا کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیا لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵکو ئەو دیوەشی تەماشـا دەکرێت کە ڕۆڵی هەیە لە بەگەڕخسـتنی توانای داهێنەرانەی گەنجان، سـەرباری گۆڕینی تێڕوانینەکان لەبارەی گەنجانەوەو ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر، لەگەڵئەوەشدا دیدگاکان لەبارەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە گۆڕدراوەو ئێستا جەخت لەسەر خوێندکار سـەنتەری دەکرێتەوە، کە ئەمەش بەپلەی یەکەم پشـت ئەسـتوورە بەو زانیاریو ئەزموونانەی کە خوێندکاران لەمیدیاوە بەدەستی دەهێنن.(Buckingham,2001:8-12)

### دووەم / تیۆری میدیاو هەستەکان

### گریمانەکانی تیۆرەکە

1. جیهـانێکی دەرەکی هەیە، کە ئـامرازەکانی ڕاگەیانـدن وێنەو دیمەنو ناوەڕۆکی جۆراوجۆری لێوەردەگرنو لە ڕێگەی پرۆسـەی بەرهەمهێنانەوە بۆ جەماوەر (وەرگر)ی دەگوازنەوەو مانایان پێدەبەخشـن، ئەمەش کاریگەری دەکاتەسـەر ڕەفتارەکانی تاك.
2. هەر تاکێـك جیهـانێکی تایبەتیو دۆخێکی دروسـتکراوی خۆی هەیە، ئەم تیۆرەش پێیوایە دۆخی تاکەکان دۆخێکی بابەتی نییە، بەڵکو دۆخێکی دروستکراوە.
3. هەر تاکێك ئامرازی زانین (Epistemology)ی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە واقیع دەناسـێتەوەو لێـی تێدەگات، کە ئەوانیش پێنج هەسـتە بنەڕەتییەکەی مرۆڤن.
4. کاریگەری ئـامرازەکانی ڕاگەیانـدن بوونی هەیەو ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام تاکە جیاوازی لەدەیەی ڕابردوودا لەڕادەی کاریگەرییەکەیدایە.
5. ئەو ئەزموونای تاك ڕاسـتەوخۆ لە دەوروبەرەکەیەوە وەریدەگرێت، دەتوانێت بۆ ئەزموونەکانی پێشووی سەرباری بکات، هەروەها لە ڕێگەی هەستەکانەوە دۆخەکەی پشـتڕاسـت بکاتەوە، بەڵام ئەو ئەزموونانەی بەناڕاسـتەوخۆ وەریدەگرێت کە زۆربەی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەدەسـتیدەهێنێت، کارێکی زەحمەتە دۆخەکەی پشـتڕاسـت بکاتەوە، بەهەرحاڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکاتو لە سیستمی کۆزانینو ڕەفتاری خۆیدا پۆلێنیان دەکات.

**توخمەکانی تیۆرەکە**

1. **دۆخی بابەتی:** ئەو دۆخەیە کە بەهەموو پێکهاتە راستەقینەو رەهەندە رەسەنەکانییەوە بوونی هەیە. لێرە تاك لە ڕێگەی ئەزموونە راستەوخۆکانیو هەستە سروشتییەکانییەوە بەرکەوتەی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئەم جیهانەدا دەبێت.
2. **دۆخی ساختە:** ئەمەیە کە ئامرازەکانی گەیاندنو راگەیاندن دروستی دەکەن، بەوپێیەی کە رووداوەکانو بارودۆخەکانو کەسێتییەکانو کاتەکان کورت دەکەنەوە بۆئەوەی وێنەیەکی دۆخەکە بەوەرگر بگەیەنن، کە زۆرجار ئەم وێنەیە پڕە لە درۆو شێواندنی زانیارییەکانو چەواشەکاری.
3. **هەستەکان:** ئەو ئامرازانەن کە تاك بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونو کۆزانین بەکاریاندەهێنێت، تاك ئامرازەکانی راگەیاندن بەکاردەهێنێتو پەیوەندی لەگەڵ دروستدەکات، بۆئەوەی زۆرترین زانیاری وەربگرێت. بەتێپەڕبوونی کاتو دووبارەبوونەوەی پەیامەکانی میدیا، ئەم هەستانە تووشی دۆخێکی ماتبوون دەبن کە رێگری دەکەن لە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنو وردبینی ئەو شتانەی کە میدیا بۆ تاکی پەخش دەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی ملکەچوون بۆ پەیامی میدیایی.
4. **عەقڵی مرۆڤ:** بریتییە لە تواناکانی مرۆڤ بۆ پرۆسەی لێکدانەوەی ئەو داتایانەی کە لە هەستەکانەوە بۆی دەگوزارێتەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنو وردبینیو سڕینەوە یان سەربارکردن بۆ یادگەی زانینو ئەزموونەکان، پاشان کارکردن لەسەری بەشێوەیەك کە دۆخێکی نوێ، یان بابەتی یان ساختەی بۆ ئاشکرا بکات.(القرني،2018:133-163)، (عبدالحميد،2004:245)

توێژینەوەکە پشتی بەتیۆری میدیاو هەستەکان بەست، بەوپێیەی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زۆرێك لەو پەیامانە یان ئەو زانیاریانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە، ناتوانرێت بەتەنیا لە رێگەی هەستەکانەوە راستیو دروستیان جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی بەتێپەڕبوونی کات هەستەکان دەکەونە ژێر هەژموونی ئەو پەیامانەوە، شیکردنەو هەڵسەنگاندنی ئەم دۆخە پێویستی بەبەگەڕخستنی توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ هەیە، بۆیە دەکرێت ئەم تیۆرە بۆ زانینی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی بەکاربهێنرێت.

### 2.2 پەروەردەی میدیایی

#### 1.2.2 پەروەردەی میدیایی لە سەدەی 21 دا

بیرۆکەی پەروەردەی میدیایی لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە ئەمریکا سەریهەڵدا، بەڵام راهێنان لەم بوارەدا زۆر بەربڵاو نەبوو، تەنیا لەبەشی راگەیاندنی هەندێك لە زانکۆکاندا دەخوێنرا. پاشان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە وڵاتانی ئەوروپا بایەخی پێدراو لە راپۆرتێکدا کە ساڵی 1963 لەلایەن ئەنجومەنی راوێژکاری ناوەندی فێرکردن لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بڵاوکرایەوە، جەخت لەسەر گرنگی خوێندنی پەروەردەی میدیایی نەك تەنیا لەزانکۆکاندا، بەڵکو لە خوێندنگەکانیشدا کرایەوە، وەك پرۆژەیەك بۆ پاراستنی منداڵانو راهێنانیان بۆئەوەی بەشێوەیەکی رەخنەگرانە تەماشای ئەو شتانە بکەن کە لە میدیاکانەوە پەخش دەکرێن.(حسن،2015:51-54) بەڵام ماستەرمان (Masterman)دەڵێت: "ئامانجی سەرەکی پەروەردەی میدیایی تەنیا (دروستکردنی هۆشیارییەکی رەخنەگرانە) نییە، بەڵکو (دروستکردنی خۆبڕیاردانی سەربەخۆ)یشە، سەبارەت بەپەیامە جۆراوجۆرەکان لە میدیادا، واتە فێربوونی پرۆسەی خۆبڕیاردان دەربارەی ئەوەی تاك دەتوانێت چی بکات دوای ئەوەی خوێندنگە بەجێدەهێڵێت، بەردەوام رووبەڕووی ئامرازەکانی راگەیاندن دەبێتەوە".(أحمد والغمري،2022:27)

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، چەمکی پەروەردەی میدیایی گەشەیکردو بوو بەپرۆژەیەکی بەرەنگاربوونەوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە بەتایبەت منداڵانو گەنجان لە مەترسییەکانی میدیا، بەجۆرێك کە ئامانجی پەروەردەی میدیایی ئاشکراکردنی ئامرازە ساختەکان بوو. هاوکات یونسکۆ دەستیکرد بەبەرەوپێشبردنی پەروەردەی میدیاییو خستییە لیستی بایەخپێدانییەکانی خۆیەوە، بۆیە بەگەورەترین پاڵپشتی پەروەردەی میدیایی دادەنرێت بەدەستەواژەیەك کە دەڵێت: "دەبێت گەنجان ئامادە بکەین بۆئەوەی لە جیهانی وێنەو دەنگو وشەدا بژین".(الشميري،2010:19) دواتر پەروەردەی میدیایی بەچەندین قۆناغی دیکەدا تێپەڕیو چەندین کۆنگرەی لەبارەوە بەسترا.

لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا بڵاوبۆوەو بەلێکۆڵینەوەو تیۆری سەربەخۆو کەرەستەی فێرکاریو میدیایی پاڵپشتی کرا، بۆ نموونە: سەنتەری پەروەردەی میدیایی ئەمریکی( The Center For Media Literacy) جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە پەروەردەی میدیایی رێبازێکی گونجاوە بۆ سەدەی بیستو یەك، بەوپێیەی کە چوارچێوەیەك بۆ دەستڕاگەیشتن بەپەیامە جۆراوجۆرەکانی میدیا لە چاپەوە تا ڤیدیۆو ئینتەرنێتو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنو بەرهەمهێنانو هاوبەشیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە دابین دەکات(Oxstrand,2009:15).

لەم سەردەمەدا پەروەردەی میدیایی بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی چاکسازی لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵام پاڵپشتیکردنو هاوکاریکردنی پێویستی بە بەرپرسیارێتی هاوبەش هەیە لەلایەن دامەزراوە فەرمیو نافەرمییەکانی کۆمەڵگەوە، وەك: (خێزان، دامەزراوە پەروەردەییەکان، میدیاو گروپەکانی فشار).(حسن،2015:51-61)

#### 2.2.2 گرنگی پەروەردەی میدیایی:

لایەنە گرنگەکانی پەروەردەی میدیایی کە سوودبەخشە بۆ خوێندکاران:(سالم،2018:313)، (عیسی،2016:11)

1. بەهۆی ئەو دەسەڵاتو پێگەیەی کە میدیا لە جیهانی هاوچەرخدا هەیەتی، تاکەکان پێویستیان بەهۆشیاری میدیایی هەیە، ئەمەش وەك مافێکی بنەڕەتی هەموو هاووڵاتییەك لە ڕێگەی پەروەردەی میدیاییەوە لە ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەچێنرێت.
2. پەروەردەی میدیایی فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری دیالۆگو یارمەتی فێرخوازان دەدات کە ئەرێنی بنو بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەیاندا بکەن.
3. پەروەردەی میدیایی خوێندکار لەو پەیامە نەرێنیانە دووردەخاتەوە کە لە ڕێگەی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی کارامەیی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەی ئەم پەیامانە.
4. پەرورەدەی میدیایی توانای تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیا لە سەر کۆمەڵگە پەرەپێدەدات.

5. پەروەردەی میدیایی ڕێگە بەخوێندکاران دەدات ستراتیژیەت بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی میدیا دابڕێژن.
6. پەروەردەی میدیایی توانای سەربەخۆیی بەخوێندکاران دەبەخشێت دەربارەی کاریگەری میدیاو ئاسۆیان بەرەو بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکان دەکاتەوە، کە سەردەمی زانیاری سەپاندوویەتی.
7. پەروەردەی میدیایی توانای خوێندکار بۆ دروستکردنی پەیامی میدیایی بەبەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵیو بینراو و ئەلیکترۆنییەکان بەهێز دەکات، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گوزارشتکردن لە خودو پەیوەندیکردن.
8. پەروەردەی میدیایی پەیوەندی بەپەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو توانای بەشداریکردنی چالاکانەوە هەیە.

### 3.2.2 ئامانجەکانی پەروەردەی میدیایی:

پەروەردەی میدیایی هەوڵدەدات ئەم ئامانجانە بەیدبهێنێت:(ناصر،2016:805)، (أبو عزام،2020:74)

1. تێگەیشتنی زیاتر لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی میدیا، ئەویش لە ڕێگەی تواناداركردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بەمەبەستی تێگەیشتن لە جوڵەی سیستمی میدیاو ئامانجەکانیانو شێوازەکانی گەیشتن بەم ئامانجانە.
2. کۆنترۆڵکردنی زیاتری پرۆسەی شیکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان بەفۆرمە جۆراجۆرەکانییەوە، ئەو تاکانەی کە پەروەردەی میدیاییان هەیە، توانای دروستکردنو هەڵبژاردنی ماناداریان زیاترە.
3. پاراستنی منداڵانو گەنجان لە کاریگەرییە نەرێنیو زیانبەخشو نەخوازراوەکانی میدیاو ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانی، بەتایبەتی کە ئێستا لە سەردەمی جیهانگیریو کرانەوەدا دەژین.
4. پاراستنی ناسنامەی کەلتوریو پاڵپشتیکردنی پێکهاتە کەلتورییە نیشتمانیو ناوخۆییەکان.
5. یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانیان بەئازادیو دەستڕاگەیشتن بەزانیارییە دروستەکان.
6. بەدواداچوون بۆ پێشهاتە خێراکانی تەکنەلۆجیای گەیاندنو ڕاگەیاندنو سود وەرگرتن لێیان بەباشی، بەمەبەستی گەیشتن بەگەیاندنێکی کاریگەر لەنێوان هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەو میدیادا.
7. دروستکردنی نەوەیەکی بەهێز؛ کە بۆ وڵاتەکەی بەرهەمدارو داهێنەر بێتو ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی بێت.

### 4.2.2 ئەرکەکانی پەروەردەی میدیایی:

پەروەردەیی میدیایی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەوە، یارمەتی خوێندکارانو تاکەکان دەدات، بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر بەشداری کرداری پەیوەندیو گەیاندن بکەن:(حسن،2015:103-105)، (جميلي وصيد،2024:233)

1. **ئاکار (Moral):** (پەرەپێدانو دامەزراندنی بەها دروستەکانو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو بەها نا ئاكارييەكان) لەخۆدەگرێت. بۆنموونە/ چاندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەناو تاکەکانداو یارمەتیدانیان بۆ هەڵبژاردنی دروستو شیکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانو پێدانی دەرفەت بۆ گوزارشتکردن لەخۆیان.
2. **دەروونی (Psychological):** (بەرزکردنەوەی ورەی تاك، پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوونو هاندان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەنگۆ) لەخۆدەگرێت. بۆنموونە/ یارمەتیدانی تاك بۆ ڕزگاربوون لە كێشە دەروونیو کەلتوریو کۆمەڵایەتییەکانو دووبارە تێگەیشتن لەشتەکان بەشێوەیەکی دروستو سەردەمیانە. هاندانی تاك بۆ قبوڵکردنی ڕاستییەکان، نەك ڕادەستبوون یان گۆشەگیری یاخود ڕەتکردنەوەیان.
3. **بیروباوەڕ(Ideological):** (باشترکردنی کەشوهەواو بەهێزکردنی بیروباوەڕ، بڵاوکردنەوەی پەیامی بانگخوازی) لەخۆدەگرێت. بۆنموونە/ پاراستنی تاكەكان لە کاریگەرییە کەلتوریو شارستانییەکان، کە زیان بە بەهاو بیروباوەڕو کەلتوری ناوخۆیی دەگەیەنن.
4. **پەروەردەیی (Educational):** (بنەبڕکردنی نەخوێندەواری، یارمەتیدانی سیستمی پەروەردەییو خوێندکاران) لەخۆدەگرێت. بۆنموونە/ پەروەردەی میدیایی تاك لە بەکاربەری پەیامەکانی میدیاوە بۆ بەکاربەرێکی هۆشیاری میدیایی دەگۆڕێتو یارمەتیدەدات بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی ژیانو بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکان. پەروەردەی میدیایی مەودای ڕاستەقینە بۆ پرۆسەی فێربوون دەرەخسێنێت، کە تێیدا مامۆستا شانبەشانی خوێندکارەکان دەوەستێت بۆئەوەی هەموویان فێربن، مامۆستاش وەك ڕێبەرێکی ناڕاستەوخۆ وایە. هەروەها بەستنەوەی زانست بەژیانی واقیعو بەپەروەردەی میدیاییەوە، وەك ژینگەیەکی بەپیتو دەوڵەمەند بۆ فێربوون.
5. **شارستانیەت (Civilization):** (چاکسازی ژیاری، لەخۆگرتنی شارستانێتە هاوچەرخەکان) دەگرێتەوە. بۆنموونە / پەروەردەی میدیایی تاکەکان بۆ هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو کەلتوریو ئابووری سیاسیو تەکنەلۆجییەکان پەروەردە دەکات، بەبێ وازهێنان لە ناسنامەو تایبەتمەندییە کەلتورییەکان، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی ئەو تاکانەی کە توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیاو ژیانی پێشکەوتوو لە سەردەمی میدیادا هەیە، پەروەردەی میدیایی تاکەکان بۆ ئاڵنگاری سەدەی بیستو یەك ئامادە دەکاتو شایستەی ئەوەی دەکات کە هاووڵاتیبوون پیادە بکەنو بەشداری چالاکانە لە ژیانی دیموکراسیدا بکەن.
6. **گەشەپێدانی کارامەیی کارلێکی گریمانەیی (Metaverse):** پەروەردەیی میدیایی بەشداریی لە گەشەپێدانی کارامەیی دیجیتاڵی تاکەکاندا دەکات، بۆئەوەی لە جیهانی مێتادا بەشێوەیەکی کاریگەرو ئارامو پارێزراو کارلێك بکەنو ئەزموونی کارلێکی بەدەستهێنن، کە پێویستی بەکارامەیی تایبەت هەیە.

### 5.2.2 بنەماکانی پەروەردەی میدیایی :

پەرورەدەی میدیایی لە زانکۆکاندا کار لەسەر ئەم بنەما تایبەتیانە دەکات:(علي،2020:3931)

1. **سەرنجدانو فێرکردن دەربارەی میدیا:** ئەم پێوەرە پشت دەبەستێت بەشیکردنەوەو لێکدانەوەی ماناو شێوازەکانی داڕشتن، هەروەها قسەکردن لەسەر ناوەڕۆکی میدیا بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە، لە ڕێگەی گفتوگۆی

زارەکیو نووسینەوە.

2. **تێڕوانینو رەخنە بۆ هەڵسەنگاندن:** ئەم پێوەرە پشت بە بەکارهێنانی بنەما تایبەتییەکان لە باسکردنو هەڵسەنگاندنی ناوەڕکی میدیا دەبەستێت، هەروەها جەخت لەسەر بیرکردنەوەی رەخنەیی دەکاتەوە، لە رێگەی کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەی زانیارییەکانەوە.
3. **گەڕانو داهێنان:** ئەم پێوەرە کاردەکات بۆ پەرەپێدانو بنیاتنانی لێهاتووییو کارامەیی گونجاوی تەکنیکی، ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای کۆنباو و نوێباو، هەروەها تێگەیشتن لە تایبەتمەندیو خەسڵەتەکانی دەربڕینی ناوەڕۆکی میدیایی. سەرباری ئەوەش پێوەرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی داهێنان لە سەر بنەمای گەشەکردنی بیرۆکەکانە لە رێگەی پرۆسەی بەدواچوونو گەڕانو لێکۆڵینەوە.

سەرباری ئەوەش پەروەردەی میدیایی کار لەسەر کۆمەڵێك بنەمای گشتی دەکات:(مرتضوي،194:2020)

1. چەسپاندنو جێگیرکردنی ناسنامەی کەلتوریو ئاینی لە رێگەی بەرنامەی پەروەردەییو میدیاییەکانەوە کە رۆشنایی دەخەنەسەر شوناسی رەسەن (رابردوو، دۆخی ئێستاو داهاتوو و ئەو ئالنگارییانەی رووبەڕووی دەبێتەوە).
2. پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگەو دابونەریتە ئەرێنییەکان.
3. هۆشیارکردنەوەی میللەت بەپەیامی شارستانیانەو رۆڵی گەنجان تێیدا.
4. یەکخستنی رۆڵەکانی نێوان پەروەردەکارانو میدیاکاران بۆ بەدیهێنانی دیدێکی گونجاو، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی چەسپاندنی بەها ئەرێنییە رەسەنەکان.
5. گواستنەوەی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە پەروەردەی میدیایی، بەئامانجی بڵاوکردنەوەو سود وەرگرتن لە ئەزموونەکان.
6. پاڵپشتی دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکانو هاندانیان لە رێگەی رۆشنایی خستنەسەریان لە میدیاکانو دەزگا میدیاییە جۆراوجۆرەکانەوە.
7. میدیا رۆڵی داکۆکیارو لایەنگری دڵسۆزی دامەزراوە پەروەردەییە جیاوازەکان دەگێڕێت، واتە لەگەڵ ئەوان کاردەکات نەك دژایەتیان بکات.

### 6.2.2 خەسڵەتەکانی پەروەردەی میدیایی :

پەروەردەی میدیایی وەك پرۆسەیەکی بەردەوام لەنێوان دامەزراوە پەروەردەییەکانو کۆمەڵگەدا هاوبەشەو چەندین تایبەتمەندی هەیە:(الشميري،27:2010)، (محمود،41:2017)

1. پەروەردەی میدیایی بەوە جیادەکرێتەوە کە پاڵنەری فێربوون بەهێز دەکاتو یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی توانستەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو داهێنەرانە، کە لە رێگەیەوە دەتوانێت بڕیارێکی سەربەخۆ سەبارەت بەناوەرۆکی میدیایی بدات.
2. پەروەردەی میدیایی متمانەبەخۆبوون لای خوێندکار زیاد دەکاتو وێنەیەکی گشتگیری لەبارەی ژینگەی میدیایی پێدەبەخشێتو بەرچاوڕوونی دەکات، بەواتایەکی دیکەی تاك هۆشیار دەکاتەوە بەرامبەر بەمیدیاو راستییەکانی جیهانی دەوروبەر.
3. هۆشیاری میدیایی تەنیا لایەنی چاندنی بیروباوەڕو هەڵوێستو ستراتیجەکانو رەخنەگرتن لەخۆناگرێت، بەڵکو بەشداریکردنی هۆشیارانەو ئامانجدار لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییش دەگرێتەوە.
4. پەروەردەی میدیایی ئەرکێکی بنەڕەتی سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەتوانن هەمان رۆڵ بگێڕن وەك خێزانو خوێندنگەو تەنانەت خودی دەزگاکانی راگەیاندنیش، بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەو دووورکەوتنە لەلایەنە نەرێنییەکان.
5. پەروەردەی میدیایی پرۆسەیەکی زۆر پێشکەوتووە، چونکە مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی میدیادا دەکات، کە لەڕووی چەندێتیو چۆنیەتییەوە گەشەی گەورەی کردووە، بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتاندا وەك وانەیەك لە پرۆگرامەکانی خوێندندا پشتی پێدەبەسترێت.

### 7.2.2 توخمەکانی پەروەردەی میدیایی :

کەسانی شارەزاو خوێندەوارن زۆرن، کە توانای ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی کاریگەر پەرە بەکەلتووری میدیایی خۆیان بدەن، بەڵام ئەمە هۆکارێك نییە بۆئەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکان دەستبەرداری پەروەردەی میدیایی ببن، بەدڵنیاییەوە پەروەردەی میدیایی دەبێت ببێتە بەشێك لەپرۆگرامی خوێندن، لە کەنەداو ئوستراليا بەفەرمی لە پرۆگرامی خوێندنگەکاندا جێگیرکراوە. بۆیە دەکرێت پەروەردەی میدیایی وەك دەرئەنجامێکی خوێندەواری میدیایی تەماشا بکەین، کە کار لەسەر یەکخستنی سێ توخم یان سێ پێکهاتەی سەرەکی دەکات: (پێکهاتەی مەعریفی - بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مێژووی میدیاو پێکهاتەو زمان، پێکهاتەی پەروەردەیی - پەرەپێدانی توانای هەستکردن بەدەققەکانو بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، پێکهاتەی داهێنەرانە - بەدەستهێنانی کارامەیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی میدیا).(Fedrov,2008:13-14) بەواتایەکی دیکە پەروەردەی میدیایی تەنیا پەرەپێدانی زانیاریو لێهاتوویی فێرخوازان پەیوەندیدار بەمیدیا بەرەو پێشەوە نابات، بەڵکو خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەوەیە کە دەیەوێت گۆڕانکاری لە پراکتیكو هەڵوێستو رەفتارەکانی کەسانی دەستنیشانکراو سەبارەت بەئامانجە کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ئابووریوسیاسییە پێشوەختە دیاریکراوەکان بهێنێتەئاراوە. (Fastrez & Landry,2024:4)

بەشێوەکی گشتی دەکرێت توخمەکانی پەروەردەیی میدیایی لە چەند خاڵێکدا ئاماژە پێ بکەین:(سالم،312:2018)

1. **هۆشیاری بەرامبەر بەکاریگەری میدیا لەسەر تاكو کۆمەڵگە:** میدیا بووەتە هێزێکی قایلکەر لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، ئەمەش پێویستی بەپەروەردەی میدیایی بەپەلەو پێویست هەیە، بەمەبەستی دروستکردنی بینەرێکی بەئاگا.
2. **تێگەیشتن لەپرۆسەی بەکۆگەیاندن:** پەروەردەی میدیایی بریتییە لە تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی میدیاو چۆنیەتی گواستنەوەیو چوارچێوەی لێکدانەوە کە لە پرۆسەی بەکۆگەیاندندا نوێنەرایەتی دەکرێت.
3. **پەرەپێدانی ستراتیجەکان بۆ شیکردنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر پەیامەکانی میدیا:** بۆئەوەی تاکەکان مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەگەڵ میدیادا بکەن، دەبێت ستراتیجەکانی شیکردنەوەی سیستماتیکی ناوەڕۆکی میدیایی دابڕێژن.
4. **تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی میدیایی وەك دەقێك کە دیدگای تاکەکان بۆ ژیانو کەلتوریان دەستبەردەکات:** تێگەیشتن لە کەلتوور دەتوانێت دیدگایەك بۆ پەیامەکانی میدیا دابمەزرێنێت.
5. **پەرەپێدانی توانای چێژوەرگرتنو تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی میدیا:** پەرەپێدانی ئەم لێهاتووییە دەبێت چێژوەرگرتن لە بەرنامە باشو باشترینەکان زیاد بکات.

6. **بیرکردنەوەی رەخنەگرانە کە ڕێگە بەحکومدان لەسەر ناوەڕۆکی میدیایی دەدات:** بیرکردنەوەی رەخنەگرانە؛ تاك ســـەربەخۆدەکات لە بیرکردنەوەکانیـدا بۆئەوەی بتوانێت بڕیاری دروســتو گرنگ بدات، کە ئەمەش لە شـێوازی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی میدیاییدا رەنگدەداتەوە.
7. **توانای بەرهەمهێنـانی پەیامی میـدیایی کاراو کاریگەر:** دەبێـت کوالیتی ناوەڕۆکی میدیایی بەرز بێت، بەشێوەیەك کە بەکاربەر کارلێکی لەگەڵدا بکات.
8. **تێگەیشـــتن لەئەرکە ئاکارییەکانی بەرهەمهێنەرانی میدیا:** دەبێت ناوەڕۆکی میدیایی بەشــــێوەیەك بێـت کە دژی یان پێچەوانەی بەهـا کەلتورییەکانو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان نەبێت.

### 8.2.2 کارامەییەکانی پەروەردەی میدیایی :

زانای پەروەردەکاری ئەڵمانی پیتەر باکێ (Dieter Baacke) پێیوایە کارامەیی میـدیایی بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ بەکارهێنـانی جۆرە جیـاوازەکانی ئـامرازەکانی راگەیاندنو گەیاندن، لێرە شەوە چوار کارامەیی پەروەردەیی میدیایی دە ستنیشان کرد، ئەوانیش: (کارامەیی رەخنەگرانە، کارامەیی کۆزانین، کارامەیی بەکارهێنـان، کارامەیی رێکخستن)(Parola & Ranieri,2010:29).

بەدرێژایی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی پەروەردەیی میدیاییەوە کراون، بەتایبەتیش لەدوای پێشـــکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی، گۆڕانکاری بەســـەر کارامەییەکاندا هاتووەو پەرەی پێدراوە، بەڵام بەگشـــتی دەکرێت کارامەییەکانی پەوەردەی میدیایی لە چوار لێهاتوویی سەرەکیدا پۆلێن بکرێن:(حسن،2015:118-119)، (منصور،2019:33)

1. **کارامەیی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی میدیایی:** توانای تاکەکەسە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیامی میدیایی لەڕووی رۆشـــنبیریو ئاکاریو رادەی بەشـــداریکردنی تاك لە هۆشیاری بەرامبەر بەکێشەکانی کۆمەڵگە.
2. **کارامەیی چـاککردنی ناوەڕۆکی میـدیایی:** جێبەجێکردنی بەرپرســـیـارێتی کۆمەڵایەتیو پـابەنـدبوون بەبنەمـا ئەخلاقییەکان لە کرداری گەیانـدنو ژیان بەشــــێوەیەکی گشـــتی، بەواتایەکی دیکە، ئەگەرهاتوو فیدباك ئەرێنی بوو، بەردەوامی بەپەیامەکە دەدرێـت، خۆئەگەر فیـدباك نەرێنی بوو، ئەوکات ناوەڕۆکی میدیایی پێویستی بەچاکسازی هەیە.
3. **کارامەیی دەســـتڕاگەیشـــتنو بەرهەمهێنـانی میـدیایی:** توانای تاکەکەســـە بۆ دەسـتڕاگەیشـتن بەئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا، لەپێناو بڵاوکردنەوەی پەیامە تایبەتەکانی. ئێســـتا بەهۆی تەکنەلۆجیای گەیاندنو راگەیاندنەوە، ئازادییەکی بێســـنوور فەراهەم بووە، هەرکەســێك هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت دەتوانێت ببێتە نێرەرو ناوەڕۆکی میدیایی بەرهەمبهێنێتو بڵاوییکاتەوە.
4. **کارامەیی بەشـداریکردنو گفتوگۆ:** توانای تاکە بۆ باسـکردنی شـێوازی جیاوازو ناوەڕۆکی هەمەلایەنی میدیایی، ئەمەش هاندەری گفتوگۆو هاوبەشـــیکردنی بیروڕایە لەنێوان میدیاو خەڵکدا، وەك: هاوبەشیکردن بەبۆچوون، پرسیارکردن، گفتوگۆکردن، سەرنجدان، کۆمێنتو تێچێنکردن کە بەڵگەیە لەسەر هۆشیاری پێشکەوتووی میدیایی لای وەرگر.

### 9.2.2 ستراتیجەکانی پەروەردەی میدیایی :

بۆچوونەکان لەبارەی ســـتراتیژ یان شـــێوازی گونجاو بۆ چالاککردنی پەروەردەی میـدیایی زۆرن، (جولیو رۆب) پێیـانوایە کە پەروەردەی میـدیایی لەســـەر توانای دەســتڕاگەیشــتن، شــیکردنەوە، هەڵســەنگاندنو بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هەمەلایەنی میدیا دامەزراوە، کە وا لە تاکەکان دەکات خوێندەوارییان لەبارەی میدیاوە هەبێت، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو فێریان دەکات کە بتوانن بەشـــێوەیەکی گشـــتگیر لە کاریگەرییە ســـیـاسی، کەلتوری، مێژوویی، ئـابووریو کۆمەڵایەتییەکانی میـدیاکان بکۆڵنەوە. (Frechette & Williams,2016:1) کۆنســـدان پێیوایە پەروەردەی میدیایی بینینی خولێك نییە بەتەنیا، بەڵکو بەدەســتهێنانی لێهاتووییە، ئەمەش پێویســتی بەخوێندنی کۆرسو راهێنان هەیە، بۆیە پێویســـتە بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، هۆبس جەخت لەسەر گرنگی شیکردنەوەی میدیایی لە وانەوتنەوەدا دەکاتەوە کە پێنج چەمك لەخۆدەگرێت:(الحمداني،2015:116-117)

1. پەیامی میدیایی بەرهەمی تاکێك یان دامەزراوەیەکە.
2. پەیامی میدیایی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ســـیاسی، مێژووییو جوانکاریدا بەرهەم دێت.
3. لێکـدانەوەو بنیـاتنـانی مـانا لە ئەنجـامی کارلێکی نێوان وەرگرو دەقو کەلتور پێکدێت.
4. هەموو دەزگایەکی میدیایی هێما (کۆد)ی تایبەت بەخۆی هەیە.
5. رۆڵی گوزارشتکردنی میدیا لە تێگەیشتنی خەڵك بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی.

وەك پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد، پەروەردەی میدیایی جەخت لەســـەر کارامەییو لێهاتوویی دەکاتەوە، بەدەســـتهێنانی ئەم لێهاتووییانەش پێویســـتی بەفێربوون هەیە بەشـێوەی تیۆریو پراکتیکی، لێرەشـەوە دەکرێت چەند ئاراسـتەیەك بۆ پەروەردەی میدیایی دەستنیشان بکەین:

یەکەم / پەروەردەی میدیایی بۆ رۆژنامەنووسـانی پیشـەیی ئەوانەی کە لەبوارەکانی (رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، میـدیای ئەلیکترۆنیو ریکلام) کاردەکەن، هەروەهـا سینەماکارانو بەرهەمهێنەرانو ..هتد.

دووەم / پەروەردەی میـدیایی بۆ مـامۆســـتـایانی داهـاتوو، ئەوانەی لە زانکۆو پەیمانگەکانو دەخوێننو پاشان دەبن بەمامۆستا.

سێیەم / پەروەردەی میدیایی وەك وانەیەك بۆ ناوەندە پەروەردەییو رۆشنبیرییەکان، کە لە باخچەی منداڵانەوە تاوەکو خوێندنی باڵا دەگرێتەوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی بنەماو ئامانجە سـەرەکییەکانی پەروەردەی میدیایی وەك خۆیان ماونەتەوە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵییەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئێسـتا کۆمپانیا گەورەکانی بواری گەیاندنو پەیوەندی کە ئامێرەکانی (مۆبایلی زیرەك، کۆمپیوتەر، تابلێـت، ..هـد) بەرهەمـدەهێنن، خـاوەنی خزمەتگوزارییە سـەرەکییەکانی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی میدیایین، هەر ئەوان مەرجەکانی دەستڕاگەیشتن لە قاڵب دەدەن. ئەم دۆخە نوێیە گرنگیو پێویســـتی پەروەردەی میدیایی بۆ تاکەکان بەشـێوەیەکی گشـتی زیاد کردووە، تاوەکو بتوانن بەکارهێنەرێکی چالاكو بەرهەمهێن بنو لە پەیامە میـدیاییەکان تێبگەنو بزانن چۆن مـامەڵەیان لەگەڵـدا دەکەن. رەنگە مەترسی نەخوێندەواری میدیایی، تاکەکان بەرەو جۆرێك لە بەکارهێنانی هەڕەمەکی ئامرازە جیاوازەکانی میدیا باتو ببنە ئالودەبوویەکی ئامرازەکانی راگەیاندن.

### 3.2 زانیاری ساختەی میدیایی

#### 1.3.2 زانیاری ساختەو چەواشەکارانە لە ژینگەی دیجیتاڵیدا :

بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاری ساختەو زانیاری چەواشەکارانە، هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەکانی جیهان دروستکردووە، هەرچەندە خودی دیاردەکە نوێ نییە، چونکە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو، بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختە لەژێرناوی رۆژنامەی زەردو هەواڵی تەنزو پروپاگەندەو زانیاری هەڵە رۆڵی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەبووە، بەڵام ئێستا ژینگەی زانیارییەکان گۆڕدراوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختە نووسینو قسەکردنی تێپەڕاندووەو هەندێکجار لە چوارچێوەی سیناریۆو وێنەو ڤیدیۆی نزیك لە واقعی پاڵپشت بەژیری دەستکردو بەبێ هیچ بەربەستێك بڵاودەکرێنەوە، بەوپێیەی کە چیتر زانیاری لەلایەن دەرگاوانە نەریتییەکانەوە سنوردار ناکرێن، سەرباری ئەوەش پێویست ناکات بەکارهێنەر بۆ دروستکردنی ناوەرۆکێکی میدیاییو بڵاوکردنەوەی؛ رۆژنامەنووس بێت، ئێستا کەسانی ئاسایی؛ دەنووسنو رێکیدەخەنو لە رێگەی ئینتەرنێتەوە هاوبەشی پێدەکەن.

ئەگەرچی هێشتا بەکارهێنانی دەستەواژەی هەواڵی ساختە (Fake News) بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن توێژەرانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆچوونی جیاوازیش لەمبارەیەوە هەیە، هەندێك لە توێژەران پێیانوایە بەکارهێنانی هەواڵی ساختە (Fake News)لەبنەڕەتدا لاوازەو دەشێ وەك چەکێك لەدژی پیشەسازی هەواڵ یان وەك رێگەیەك بۆ تێکدانی ئەو راپۆرتانەی کە کەسانی دەسەڵاتدار حەزیان لێی نییە، جێگیر بکرێت. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی باشتروایە زاراوەی (زانیاری هەڵە) یان زانیاری ناڕاست (Fake Information) بەکاربهێنرێت، بەمەبەستی جیاکردنەوەی لەگەڵ زانیاری پشتڕاستکراوە کە (هەواڵ)ە، بەوپێیەی کە هەر زانیارییەك پشتڕاست نەکرابێتەوە، هەواڵ نییە (Ireton & Poseti,2018:45).بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵەش زۆرجار پەیوەندی بەپلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە بەتایبەت (فەیسبووك، ئێکس، تیکتۆك) ، کە پانتاییەکی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست فەراهەمکردووە.

بەهەمانشێوە زانیاری ناڕاستیش دەچێتە چوارچێوەی زانیاری ساختەو چەواشەکارییەوە، چونکە بۆ بەدەستهێنانی پارە یان زیانگەیاندن بەکایەی گشتی پەنای بۆ دەبرێت. لێرەشەوە دەکرێت بڵێین زانیاری ساختەی میدیایی پرۆسەیەکە کە تێیدا میدیا لەڕووی نووسینو تەکنیکەوە بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی شاردنەوەو شێواندنی بابەتێکی گرنگو تێکدانو بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی دەربارەی ئەو بابەتە. هەربۆیە ئەوەی کە پێشتر دەوترا میدیا ئاوێنەی رووداوەکانو رەنگدانەوەی واقیعە، گۆڕدراوە بۆ ئاوێنەیەکی شکاو کە تێیدا دۆخێکی شێواوی رووداوەکان رەنگدەداتەوە. ئەمەش بەهۆی زیادبوونی فشاری هێزە نەرمەکان (بەرژەوەندی، کاریگەری)و هێزە رەقەکان (یاساو یاسادانان)، لەبەرئەوە تا ئەوکاتەی چالاکی میدیایی هەبێت، پرۆسەکانی زانیاری هەڵەو چەواشەکاری بەشێوەیەکی سروشتی دەبنە بەشێك لەم چالاکییانە.(مدفوني،167:2018)

هەندێك لە توێژەران هەواڵی ناڕاست (Fake News)و تیۆرەکانی پیلانگێڕی دەخەنە چوارچێوەی زانیاری ساختە (Misinformation)، کە لە زۆر حاڵەتدا هەواڵی ناڕاستو تیۆری پیلانگێڕی هەمیشە لەسەر بنەمای نییەت دامەزراون، چونکە یان زانیاری ساختە بەخەڵك دەدەن یاخود کلیکەکانیان رادەکێشن بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارەی ریکلام.(Chen et al,2021:1870) هەندێکی دیکە پێیانوایە کە زانیاری چەواشەکارانە (Misleading Information) تەنیا بەشێکە لە پرسێکی فراوانتری تێکچوونی زانیاری (Information Disorder) کە لە سێ توخمی سەرەکی پێکهاتووە:(ابراهيم وصبيرة،2022:7-8)

1. **زانیاری هەڵە (Misinformation):** زانیاری درۆ یان ناڕاستە کە بەمەبەست دروستکراوە بۆ زیانگەیاندن بەکەسێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی یان رێکخراوێك یان دەوڵەتێك.
2. **زانیاری چەواشەکارانە (Misleading Information):** زانیاری هەڵە یان نادروستە، کە بەمەبەستی زیانگەیاندن دروستنەکراوە، بەڵکو ئامانج لێی سەرلێشێواندنە.
3. **زانیاری زیانبەخش (Malicious Information):** زانیاری وردە کە بەشێوەیەکی نەشیاو لەلایەن کەسو لایەنی خراپەکارەوە بەمەبەستی زیانگەیاندن بڵاودەکرێتەوە.

زۆرجار زانیاری ناڕاست لەگەڵ پێناسەی زانیاری چەواشەکاریدا ناگونجێت، چونکە لەبنەڕەتدا دروستکراونو بەهۆی پاڵنەری سیاسی یان ئەجێندایەکی تایبەت یاخود دەستکەوتی داراییەوە بڵاودەکرێنەوە.

#### 2.3.2 شێوازەکانی زانیاری ساختەی میدیایی :

1. **ترساندن:** مەبەست لەم کارە یاریکردنە بەهەستەکانی جەماوەر لە رێگەی بەکارهێنانی هێز دەربارەی بابەتێك کە رقو کینەو ترسو دڵەڕاوکێ بڵاودەکاتەوە، بۆ ئەمەش ئەو ئامارژە کۆمەڵایەتییانە هەڵدەبژێرێت، کە کاریگەرییان لەسەر وەڵامی بەرامبەر دەبێت.
2. ساددەیی: دەکرێت زانیاری ساختە بەسادەترین شێوە دارشتنی بۆ بکرێت، چونکە ئاڵۆزی لە دارشتنی پەیامەکاندا بێزاری دروست دەکاتو تەنانەت دەبێتەهۆی وروژاندنی نەرێنی.(العطواني،115:2018)
3. **چەندبارەی بیرۆکە:** دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکانو درێژکردنەوەی هەواڵەکان سەبارەت بەپرسێکی دیاریکراو جا راست بێ یان درۆ، شێوازێکی دیکەی چەواشەکردنە، بەوپێیەی کە خزمەت بە بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو دەکات، تا ئەوکاتەی دووبارەکردنەوەکان لە گۆشەی نائاگایی وەرگردا دەچێنێتو بەتێپەڕبوونی بوونی کات باوەڕی بۆ پەیدا دەبێتو لەکۆتاییدا دەبێتە راستییەکی سەلمێنراو.
4. **بەلارێدابردنی وەرگر یان پشتگوێخستن:** چەواشەکاری لە رێگەی گفتوگۆیەك کە تێیدا پرسێکی بنەڕەتی بەئەنقەست دەشێوێنرێتو پشتگوێدەخرێت، ئەویش بەهێنانی میوانێکی لاواز لەڕووی زمانەوانیو فکریو تەنانەت ئاکاریشەوە بۆئەوەی قسە لەسەر پرسێکی گرنگ بکاتو سەرنجی وەرگر بەلارێدا باتو لە بەدواداچوونی ئەو پرسە دووری بخاتەوە.
5. **فریودان:** چەواشەکاری بەخوێندنەوەو بڵاوکردنەوەی فریودەرانەی ئامارو راپرسییەکان، بەوپێیەی کە دەتوانرێت دەستکاری ئەم داتایانە بکرێتو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنو بانگەشەی سیاسیو ریکلامی بازرگانیو مارکێتینددا بەکاردەهێنرێت.
6. **نادیاری:** لەم سەردەمەدا کارێکی سەختە سەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکان

پشــتڕاســت بکرێنەوە، بەتایبەت لەکاتی قەیران و ململانێکاندا. لەم حاڵەتانەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەنا بۆ دەستەواژەی (سەرچاوەیەکی ئاگادار، چاودێرێکی سیاسی، چالاکوانێك، کەسێکی باوەڕپێکراو ..) دەبەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەندێك زانیاری و هەواڵ کە ڕەنگە لە بەرژەوەندی لایەنێك لە لایەنەکانی ململانێکە بێت. مەرجیش نییە هەمووکاتێك بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە لەسەرچاوەی نادیارەوە، ئامانج لێی چەواشەکاری بێت، هەندێجار زانیارییەکان دروستەو ئامانجەکە هۆشیارکردنەوەی رایگشتییە لەبارەی پرسەکەوە.

7. **بەکارهێنانی زمان:** لەبنەڕەتدا زمان ئامرازێکی ڕەهایە، بەڵام لە میدیادا ئەرکی کۆنترۆڵکردنی بەرامبەر دەبینێت، ئەمەش لەو دەسەڵاتەی بەسەر وەرگردا بەکاریدەهێنێت دیارە، وایلێدەکات شتەکان بەوشێوەیە ببینێت یان هەست پێبکات کە بۆی دیاریکراوە، جا ئەو شتە ڕاستی بێت یان چەواشەکارانە. میدیا ڕووداوگەلێکمان بۆ دەگوازێتەوە کە زۆرجار لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەدا ناگونجێت، ئەمەش پەیوەستە بەپاشخانی ئایدۆلۆجی و لایەنداری ئەو کەسانەی لە میدیادا کار دەکەن. هەندێکجار میدیاکان پەنا بۆ زمانی توندو ناوزڕاندن و لێدانی کەسێتی ڕکابەرەکان دەبەن، ئەم شەڕەنگێزییانەش وەك گوزارشتکردن لە بەرگریکردن لە خۆیان وەسفدەکەن، یان شکست بەپاشەکشەیەکی تەکنیکی ناودەبەن. ..هتد. کە ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم زمان و دەستەواژانە بۆ چەواشەکردنی وەرگرە.
8. **سەرنجڕاکێشان:** خستنەڕووی بۆچوون یان بیرۆکەیەك لە ڕێگەی کەسێك کە خەڵك خۆشەویستیان بۆی هەیە، یەکێکە لە شێوازە دیارەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختەی میدیایی، بەوپێیەی سەرەتا گفتوگۆکان بەگوزارشتکردن لە بۆچوونێکی دیاریکراو دەستپێدەکات کە لەگەڵ بۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگەدا تەبایە، دوای بەدەستهێنانی متمانەی وەرگر، میدیاکان ئەوەی دەیانەوێت (ڕاست بێت یان چەواشەکارییانە) بڵاوی دەکەنەوە، لێکۆڵینەوەکانیش سەلماندوویانە تا سەرچاوەکان زیاتر متمانەپێکراو بن، کاریگەری زیاتریان لەسەر وەرگر دەبێت.(مدفوني،2018:169-171)
9. **شێواندن:** هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی شێواندنی وشە یان بڕین و سڕینەوەی وێنەو ڤیدیۆوە دەیانەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕن بەئاراستەیەك کە لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بێت کە پێشوەختە نەخشەی بۆ کێشراوەو تاوەکو بەوشێوەیە بیگەیەننە وەرگر.
10. **شاردنەوە یان تەمومژاوی:** پێنەدانی زانیاری و ڕاستییەکان بەوەرگر وەکخۆیان، ئەویش لە ڕێگەی دەستکاریکردنی دەق یان وێنە بەشێوەیەکی سیستماتیکی و بەرنامە بۆ دارێژراو، دواجار وێنەیەکی ناڕوون و شێواو لە زهنی وەرگردا دروست دەکات. لەبەرئەوەی هەواڵ یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی گەیاندن، بۆیە ئەم چەواشەکارییانە زیاتر لە هەواڵدا دەردەکەوێت و لە ڕێگەیەوە یاری بەهەست و هەڵوێستی وەرگر دەکرێت.
11. **ژەهراویکردنی هەنگوین:** مەترسیدارترین شێوازی بەکارهێنانی زانیاری ساختەی میدیاییە، کە هەندێك لە دەزگا میدیاییەکان پەنای بۆ دەبەن و هەواڵەکە بەشێوەیەك دادەڕێژن کە (90%)ی زانیارییەکان دروستەو ڕەتنەکراوەیە، ئەوی دیکەی ئەو بەهایانەن کە وەك ژەهری کوشندە لەناویدا دەمێنێتەوە.(الطعاني،2020:144-145)
12. **کلیکی فریودان (Clickbait):** یەکێکە لە دیارترین شێوازەکانی فریودان و چەواشەکاری میدیایی کە لە جیهانی گریمانەیی و دیجیتاڵیدا بەکاردەهێنرێت، بەزۆری بەستەرێکی دەق یان وێنەیەکی بچوکە کە بۆ ناوەڕۆکێکی ڤیدیۆیی دانراوە، ئامانج لێی بەکارهێنانی دۆخی تامەزرۆیی بەکارهێنەرە بۆئەوەی سەرنجی ڕابکێشێت و وای لێ بکات، کلیك لەسەر بەستەرەکە بکات و ئەوەی تێیدا بیخوێنێتەوە یان تەماشای بکات یاخود گوێی لێبگرێت. بەواتایەکی دیکەی (Clickbait) وەك تەڵە یان تۆڕی ماسی وایە دادەنرێت بۆئەوەی نێچیرەکە بگرێت و ڕاوی بکات.
13. **ساختەکاری قوڵ (Deepfake):** یەکێکە لە شێوازە دیارەکانی فریودانی میدیایی و دیجیتاڵی، بەرهەمی ئەو تەکنەلۆجیایانەن، کە بەپێی ژیری دەستکرد کاردەکەن، ئەویش بەتێکەڵکردنی وێنە یان ڤیدیۆ کلیپەکان و کۆکردنەوەیان و گۆڕینی ناوەڕۆکەکانیان بۆ ناوەڕۆکی چەواشەکارانە لە ڕێگەی بەرنامەکانی ژیری دەستکردەوە، بەشێوەیەك کە زۆر هاوشێوەی وەشاندنە ڕەسەنەکە بێت.(الجبوري،2024:41-42)

لەلایەکی دیکەوە، واردل (Wardle) هەوڵی ساختە بەسەر حەوت جۆردا دابەش دەکات:(ابراهيم وصبيرة،2022:6)

1. **تەنز یان گاڵتەجاری** (هیچ مەبەستێکی زیانگەیاندنی نییە، بەڵام دەکرێت چەواشەکارانە بێت وەك کاریکاتێر).
2. **گەیاندنی هەڵە** (کاتێك ناونیشان و سەردێری بینراو لەگەڵ ناوەڕۆکدا یەکناگرێتەوەو پشتگیری ناکات).
3. **ناوەرۆکی چەواشەکارانە** (بەکارهێنانی زانیاری چەواشەکارانە بۆ لە قاڵبدان یان چوارچێوەدان بەپرسێك یان تاکێك).
4. **ناوەرۆکی هەڵە** (کاتێك ناوەڕۆکێکی ڕەسەن تێکەڵ بەزانیاری هەڵە دەکرێت).
5. ناوەرۆکێکی ساختە (جۆرێکە لە خۆدزینەوە، کاتێك ناسنامەی سەرچاوەی ڕاستەقینە دەشاردرێتەوە).
6. **ناوەرۆکی دەستکاریکراو** (کاتێك زانیاری یان وێنای ڕاستەقینە بەمەبەستی فریودان دەستکاری دەکرێت).
7. **ناوەرۆکی دەستکرد** (ناوەڕۆکێکی نوێیەو 100% درۆیە، بۆ فریودان و زیانگەیاندن دروستکراوە).

### 3.3.2 سەرچاوەکانی زانیاری ساختەی میدیایی :

هەندێکجار ئەوانەی زانیاری ناڕاست و هەڵە بڵاودەکەنەوە، تەنیا ڕۆڵی ئامرازێك دەبینین بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، ئەگەرنا نێرەری سەرەکی ڕەنگە دامەزراوەیەکی سیاسی یان بازرگانی یاخود گروپە کۆمەڵایەتییەکانی لەپشتەوە بێت. لێرەدا توێژەران یاریزانانی سەرەکی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست بۆ پێنج جۆر دابەش دەکەن.(Juan Camilo & Óscar Iván,2023:5-6)

1. **سیاسەتمەداران:** حزب و سەرکردە سیاسیەکان، ئارەزووی دەستکاریکردن و یاریکردن بەدەنگی دەنگدەران دەکەن، بەمەبەستی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستبهێنن یان ماوەکەی درێژ بکەنەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست

وەک ئامرازێکی پروپاگەندە بۆ بێدەنگکردنی هاووڵاتیانو دڵنیابوون لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بەکاردەهێنن.

2. **کۆمپانیا یان کەسانی بازرگان:** ئەم کەسانە لە ڕێگەی ڕیکلامی چەواشەکاری یان بەڵێنی قازانجی درۆوە، پەرە بەکارەکانیانو بەرهەمەکانیان دەدەن. هەر لەم بازنەیەدا کەسانی چالاکوان یان کۆمەڵایەتی هەن، کە زانیاری ناڕاست بڵاودەکەنەوە، لەپێناوی لە کەدارکردنی ناوبانگو لێدان لە کەسێتی ئەندامانی هەندێک گروپ، کە دژایەتیان دەکەن.

3. **ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن:** هەندێکیان زانیاری ساختە بەکاردەهێنن بۆ یاریکردن بەوەرگرو پیشاندانی وێنایەکی ناڕاست کە گوزارشت لەوێنای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە ناکات. یاخود هەندێکجار (Clickbait)و (Deepfake) بەکاردەهێنن بۆ شێواندنی ڕاپۆرتەکانو ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەران.

4. **کەسانی ئاسایی:** ئەم جۆرە کەسانە بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیاری میدیاییەوە، توانای ناسینەوەی زانیاری ساختەیان نییەو بڵاوی دەکەنەوە، بەتایبەت ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە دروست دەکرێن.

5. **وڵاتانی بیانی:** لەسەرتاسەری جیهاندا حکومەتەکان بودجەی تایبەت بۆ سیخوڕیکردنو بڵاوکردنەوەی دەنگۆ وەک ستراتیجێکی سیاسی تەرخان دەکەن، بەمەبەستی دەستوەردان لە پرسە ناوخۆییو سیاسییەکانی وڵاتانی دیکە.

بەپێی ڕاپرسییەک کە دامەزراوەی ڕۆیتەرز ئەنجامی داوە، ئەوکەسانەی ناوەڕۆکی ساختە بڵاودەکەنەوە، زۆرینەیان سیاسەتمەدارەکان بوون بەڕێژەی (40%)، پاشان چالاکوانەکان بەڕێژەی (14%)، ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (13%)، خەڵکی ئاسایی بەڕێژەی (10%)، هەروەها حکومەتە بیانییەکان بەڕێژەی.(10%)

ناسینەوەی زانیاری ناڕاست پێویستی بەکارامەیی مەعریفیو تەکنیکی هەیە، بەپێی ئەنجامی پرسیارنامەیەک کە ساڵی (2022) لە وڵاتی ئیسپانیا لە بارەی بەکارانی پشت دروستکردنو بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست ئەنجامدراوە، (66%)ی بەشداربووان پێیانوابووە کە ناسنامەی ئەوانەی زانیاری ساختە دروست دەکەنو بڵاوی دەکەنەوە نادیارن، بەڵام ڕێژەی (5.8% بۆ12.3%) پێیانوابووە کە هەندێک ئەکاونتی سۆشیال میدیاو ئەکاونتی گاڵتەئامێزو میدیاو ئەکاونتی ساختە، کە ئەجێندای حزبیو ئایدۆلۆجیان لەپشتەوە بووە، زانیاری ساختەو چەواشەکاریان بڵاوکردۆتەوە، بەدوای ئەواندا ڕێکخراوەکانو کەسێتی گشتیو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو سیاسییەکان دێن.(Blanco et al,20203:58)

### 4.3.2 پەروەردەی میدیایی وەک میکانیزمێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی :

گۆڕانکارییەکان لە ئیکۆسیستمی میدیاو کەمبوونەوەی متمانەی وەرگر بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بووەتەهۆی ئەوەی کە بەهێزکردنی پەروەردەی میدیایی پێویستییەکی هەنووکەیی ئەم سەردەمە بێت، چونکە زانیاری ناڕاستو هەڵە بەخێرایی لە ڕێگەی سۆشیالمیدیاوە بڵاودەبێتەوەو ئەم پلاتفۆرمانە بوونەتە پانتاییەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختەو چەواشەکاریو گوماناوی. بەپێی ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی لەناو خوێندکاراندا کراوە، دەرکەوتووە زۆرینەیان کارامەیی پێویستیان بۆ ناسینەوەی هەواڵو زانیاری هەڵبەستراو نەبووەو هاوبەشییان پێکردووەو نەیانزانیوە کە ساختەیە. بەپێی شیکارییەکی مێتا کە لەلایەن(Joeng et al, 2021) ەوە ئەنجامدراوە، بۆیان دەرکەوتووە کە پەروەردەی میدیایی کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەشداربووان هەبووە لەڕووی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی، ئەمەش وایکردووە کە بەشێوەیەکی هۆشیارانە بڕیار لەسەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدەن (Ovasi,2025:2). واتە ئەو کەسانەی کارامەیی (تێگەیشتن، شیکردنەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو هەڵسەنگاندن) یان هەیە، ئەگەری ناسینەوەی زانیاری هەڵەو ناڕاستیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا زیاترە، بەراورد بەوانەی کە ئەو کارامەییەیان نییە.

بەمشێوەیە، پەروەردەی میدیایی بۆ نەوەی نوێی بەکارهێنەرانی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی کە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەیان بەگەڕان بەناو ئینتەرنێتدا بەسەر دەبەن، زۆر گرنگە، چونکە ڕۆڵێکی کارای هەیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری ڕاستەخۆی زانیاری ناڕاست، بەوپێیەی کە وەرگر دەتوانێت ئەو زانیارییانەی بەکاریدەهێنێت فلتەری بکات، هەربۆیە دەشێت چارەسەرێکی نموونەیی بێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا لەم سەردەمەدا.(ابراهیم وصبیرة،2022:15-18)

لێرەشەوە دەکرێت بڵێین؛ لەم سەردەمەدا هەندێکجار ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت پلاتفۆمەکانی سۆشیال میدیا بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی ئامانجدار بەزانیاری ساختە بەکاردەهێنرێن، کە ڕەنگە لێکەوتەی زۆری کۆمەڵایەتیو دەروونی لەسەر وەرگر بەتایبەتیو کۆمەڵگە بەگشتی هەبێت، چونکە هەموو جۆرە زانیارییەکی ناڕاست، غەریزەیەک یان شێوازێکی سۆزداری تێکەڵکراوە کە سەرنجی بەکارهێنەر ڕادەکێشێت. زۆرجار ئەم شێوازانە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانەوە جێبەجێدەکرێنو زانیارییە ناڕاستەکان بڵاودەکرێنەوە. ئەگەر ڕوونکردنەوەشیان لەسەر بدرێت یان ڕەتبکرێنەوە، بەتەواوی ناتوانن ئەو گومانانە بسڕنەوە کە زانیارییە چەواشەکارییەکان لەناو دەروونی جەماوەردا دروستیان دەکەن. ئەمەش لەبەرئەوەی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری دەربارەی پەروەردەی میدیایی، توانای ناسینەوەو جیاکردنەوەی زانیارییەکانیان نییە، بۆیە زووتر دەکەونەژێر کاریگەری دوولایەنەی زانیارییەکانەوە.

## تەوەری سێیەم
## ڕێکارەکانی توێژینەوە

### 1.3 میتۆدی توێژینەوە

توێژەران میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەڕێبازی ڕووپێویان بەکارهێناوە، کە میتۆدێکی زانستی گونجاوە بۆ گەیشتن بەئامانجو پرسیارەکان دەربارەی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی؛ ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرسیارنامەیەک لە نموونەی توێژینەوەی مەیدانی.

### 2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانو خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی.(2025 - 2024)

### 3.3 نموونەی توێژینەوە

توێژەران بەشێوەیەکی مەبەستدار سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی ڕاگەیاندنو قۆناغی سێیەمی بەشی باخچەی منداڵانیان وەك نموونەی توێژینەوەکە بەڕێگای (قەتیسکردن) وەرگرت، کە ژمارەیان (161) خوێندکار بوو، بەوپێیەی کە ئەم خوێندکارانە لە ساڵانی پێشتردا لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندندا وانەی پەروەردەی میدیاییان خوێندووە.

- ناساندنی نموونەی توێژینەوەکە:

**خشتەی (1)**

**خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| گۆڕاو | | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 48 | 29.8 | 2 |
| | مێ | 113 | 70.2 | 1 |
| کۆ | | 161 | 100 | |
| تەمەن | (19-23) ساڵ | 125 | 77.6 | 1 |
| | (24-28) ساڵ | 20 | 12.4 | 2 |
| | (29-33) ساڵ | 1 | 0.6 | 4 |
| | (34) ساڵو بەرەوژوور | 15 | 1.5 | 3 |
| کۆ | | 161 | 100 | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 79 | 49.1 | 2 |
| | دەرەوەی شار | 82 | 50.1 | 1 |
| کۆ | | 161 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (1)دا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕەگەزی مێ لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (70.2%) پلەی یەکەمو ڕەگەزی نێر بەڕێژەی (29.8%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەشی باخچەی منداڵان کە بەشێك بووە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، زۆرینەی هەرە زۆری خوێندکارەکانی لەڕەگەزی (مێ)ن. هەر لەخشتەکەدا ئەوە دەرکەوتووە کە تەمەنی (19-23) ساڵ لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (77.6%) پلەی یەکەم و تەمەنی (24-28) ساڵ بەڕێژەی (12.4) پلەی دووەم و تەمەنی (34 ساڵ و بەرەوژوور بەڕێژەی (1.5%) پلەی سێیەم و تەمەنی (29-33) ساڵ بەڕێژەی (0.6%) پلەی چوارەمی وەرگرتووە. هۆکاری ئەم جیاوازییە ئەوەیە کە بەشێك لە نموونەی توێژینەوەکە لە قۆناغی دووەم و بەشێکی دیکەشیان لە قۆناغی سێدا بوون، سەرباری خوێندکارانی ئێواران کە بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە لە خوێندن دابڕاونو دواتر گەڕاونەتەوە سەر خوێندن. لەخشتەکەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە ڕێژەی (50.1%)ی نموونەی توێژینەوەکە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی شار بووەو پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ڕێژەی (49.1%)ی نموونەی توێژینەوەکە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەناو شاردا بووەو پلەی دووەمی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە تاڕادەیەك یەکسانن لە دابەشبوونیاندا.

### 4.3 ئامرازەکانی توێژینەوە

**یەکەم / ڕاستی ڕواڵەت (Apparent validity):** توێژەران بەسوودوەرگرتن لە چەند توێژینەوەیەکی پێشوو، پێوەرێکیان سەبارەت بە(ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی) ئامادەکرد، کە لە (25) بڕگەی لەخۆگرت، لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکیشدا بژاردەکانی (لەگەڵدام، تەواو لەگەڵیدام، بێلایەنم، لەگەڵیدانیم، تەواو لەگەڵیدانیم) دانرا، پاشان پێوەرەکە درا بەچەند پسپۆڕێکی بواری ڕاگەیاندن و دەروونزانی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن، دوای تۆمارکردنی چەند تێبینییەكو لەسەر بنەمای ئەو هاوکێشەیەی کە ڕاستی ڕواڵەت = کۆی بڕگە ڕاستەکان / کۆی بڕگەکان × 100، ڕاستی فۆرمی توێژینەوەکە (96%)ی بەدەستهێنا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە.

**دووەم / ڕاستی بنیات (Construct validity):** پێوەری توێژینەوەکە لە چوار ڕەهەند پێکهاتووە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە گونجاوی بڕگەکان، توێژەران لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS)و بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن، پەیوەندی نێوان ڕەهەندەکانی پێوەرەکەو نمرەی گشتی پێوەرەکەیان دەرهێنا. هەروەك لە خشتەی (2)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2)**

**پەیوەندی ڕەهەندەکانی پێوەرەکە بەنمرەی گشتییەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەهەند / نمرەی گشتی | ژ.بڕگە | بەهای هاوکۆلکەی پێرسیۆن | بەهای بەڵگەداری | ئاستی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|
| ئامانجی پەروەردەی میدیایی | (1-5) | 0.926** | 0.00 | زۆر بەرز |
| کارامەیی کۆزانین | (6-10) | 0.877** | 0.00 | بەرز |
| کارامەیی بیرکردنەوە | (11-15) | 0.953** | 0.00 | زۆر بەرز |
| کارامەیی شیکردنەوە | (16-20) | 0.952** | 0.00 | زۆر بەرز |
| کارامەیی بەرهەمهێنان | (21-25) | 0.902** | 0.00 | زۆر بەرز |

لە خشتەی (2)دا دەردەکەوێت کە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لەنێوانی هەر ڕەهەندێكو نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی بەڵگەداری (0.01) لەنێوان (0.877 - 0.952)دایە، ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕەهەندەکانی پێوەرەکە لەگەڵ نمرەی گشتی، ئەمەش بەئاستێکی بەرزی ڕاستی لەنێوان بڕگەکانی پێوەرەکەدا هەژمار دەکرێت.

**سێیەم / جێگیری (Stability):** توێژەران بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS)ەوە هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرۆنباخ)یان بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە بەکارهێنا کە ژمارەیان (25) بڕگە بوو، بەم ڕێگەیە بەهای جێگیری (0.951)ی بەدەستهێنا، ئەم بەهایەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە پێورەکە لەئاستێکی جێگیری بەرزدایە.

### 5.3 کەرەستە ئامارییەکان

توێژەران بۆ چارەسەرکردنی داتاو زانیارییەکان، لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS-26)ەوە ئەم هاوکێشە ئامارییانەیان بەکارهێنا.

1. چەندبارەو ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەییو لادانی پێوەری.
2. هاوکێشەی پێرسۆنو ئەلفاکرۆنباخ.
3. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One-Sample T-Test) بۆ زانینی ڕۆڵی

پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی.

4. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکانی مان ویتنی(Mann-Whitney Test) و کرۆسکاڵ والیس (Kruskal-Wallis Test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماژی ئاماری لەنێوان تێڕوانینی نموونەی توێژینەوەکە بۆ رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی بەپێی گۆڕاوە دیموگرافییەکان.

5. بەکارهێنانی مۆدیلی (Regression model) بۆ دەرخستنی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوەو بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە.

## تەوەری چوارەم
## شیکردنەوەو خستنەڕووی ئەنجامەکان

### 1.4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**ئامانجی یەکەم /** بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (One-Sample T-Test) بۆ زانینی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی (3)**

**رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە**

| نموونە | ناوەندی خشتەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) ئەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 161 | 63.39 | 11.143 | 50 | 160 | 72.18 | 1.96 | 0.00 |

لە خشتەی (3)دا ئەوە دەردەکەوێت کە ناوەندی خشتەیی پێوەرەکە (63.39) نمرەی بەدەستهێناوە بەلادانی پێوەری (11.143)، ئەمەش گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی کە بریتییە لە (50) نمرە. هەروەها بەهای (T)ی ئەژمارکراو (72.18) نمرەی بەدەستهێناوە، کە گەورەترە لە بەها (T)ی خشتەیی کە یەکسانە بە(1.96) لە ئاستی بەهای بەڵگەداری (0.05)، بەنمرەی ئازادی (160). ئەم داتایانە ئاماژەن بۆئەوەی کە رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لە ئاستێکی بەرزدایە لای نموونەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک کە نموونەی توێژینەوەکە لە رووی پەروەردەی میدیاییەوە تاڕادەیەک ئامادەکراون بۆ ناسینەوەو تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامە میدیاییانەی بڵاودەکرێنەوە. ئەم ئەنجامەش تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ توێژینەوەکەی (مدفونی، 2018) یەکدەگرێتەوە بەناونیشانی میدیاو کۆمەڵگە ... پەروەردەی میدیایی بۆ رووبەڕووبوونەوەی زانیاری هەڵە، کە بەهۆی پەروەردەی میدیاییەوە نەك هەر تەنیا تاکەکان لە سروشتی میدیا تێدەگەن و رووبەڕووی زانیاری هەڵەی میدیایی دەبنەوە، بەڵکو گرنگی بەپەرەپێدانی ئەو لێهاتوویانەش دەدەن کە لە دروستکردنی هاووڵاتی بەئاگاو پارێزراودا بەشدارن.

**ئامانجی دووەم /** گرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لەڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (رەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون).

### 1. رەگەز

**خشتەی (4)**

**بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (Independent Samples T-tests) بۆ زانینی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی (رەگەز)**

| رەگەز | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد (DF) | بەهای (T) ئەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 48 | 70.95 | 5.279 | 159 | 6.241 | 1.96 | 0.00 |
| مێ | 113 | 60.18 | 11.436 | | | | |

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەی (4)دا خراوەتەڕوو، ئەوە دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی رەگەزی نێر (70.95) نمرەی بەدەستهێناوەو گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی رەگەزی مێ کە (60.18) نمرەی بەدەستهێناوە، هەروەها بەهای (T)ی ئەژمارکراو کە (6.241)ی بەدەستهێناوەو گەورەترە لە بەهای (T)ی خشتەیی کە یەکسانە بە(1.96) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بەنمرەی ئازادی (159). واتە جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار هەیە سەبارەت بەگرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی بەپێی رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە، ئەنجامەکەش بەجیاوازییەکی کەم لەبەرژەوەندی رەگەزی (نێر)دایە. دەشێ هۆکارەکەی ئەوە بێت کە بەشێکی بەرتوێژان لە رەگەزی مێ وەك پێویست وانەی پەروەردەی میدیاییان بەهەند وەرنەگرتبێت، بۆیە هۆشیارییەکی کەمتریان هەبووە سەبارەت بەگرنگی پەروەردەی میدیایی لە رووبەورووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی، بەڵام ئەوەش روونە کە رەگەزی مێ بەناوەندی ژمێرەیی (60.18) گرنگیدانیان لە ئاستێکی باشدایە، کە بێگومان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکە هەبووە لە ئاست ئەو رۆڵەی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی (رەگەز) دەیگێڕێت.

### 2. تەمەن

**خشتەی (5)**

**تاقیکردنەوەی (Kruskal-Wallis) بۆ دۆزینەوەی گرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی (تەمەن)**

| تەمەن | نموونە | ناوەندی پلەبەندی | بەهای تاقیکردنەوەی کا2 | نمرەی ئازاد (DF) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (19-23) | 125 | 76.71 | 12.289 | 3 | 64.81 | 14.366 | 0.006 |
| (24-28) | 20 | 80.30 | | | | | |
| (29-33) | 1 | 44.50 | | | | | |
| (34)و پتر | 15 | 120.13 | | | | | |

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەی (5)دا خراوەتەڕوو، ئەوە دەرکەوتووە کە ناوەندی پلەبەندی تەمەنی (34) ساڵ و بەرەوژوور (120.13) نمرەی بەدەستهێناوەو گەورەترە لە ناوەندی پلەبەندی تەمەنەکانی دیکەی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها بەهای تاقیکردنەوەی (کا2) نمرەی (12.289)ی بەدەستهێناوە، بەناوەندی ژمێرەیی (64.81)و لادانی پێوەری (14.366)و بەنمرەی ئازادی (3)و بە بەهای بەڵگەداری (0.006). ئەمەش مانای ئەوەیە جیاوازی ئاماژەی ئامار هەیە سەبارەت بەگرنگی

رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری پەروەردەی میدیایی بەپێی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تەمەنی (34) ساڵو بەرەوژووردا بووە، رەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە خوێندکارانی ئەم تەمەنە بەهۆی ئەزموونیانەوە باشتر لە رەهەندەکانی پەروەردەیی میدیایی تێگەیشتبن، بۆیە تێڕوانینێکی باشتریان هەبووە لەبارەی گرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی.

### 3. شوێنی نیشتەجێبوون

**خشتەی (6)**

**) بۆ دۆزینەوەی گرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە Mann-Whitney Testتاقیکردنەوەی ( رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی (نیشتەجێبوون)**

| نیشتەجێبوون | نموونە | ناوەندی پلەبەندی | بەهای تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوشار | 79 | 90.60 | (-2.569) | 64.90 | 11.658 | 0.010 |
| دەرەوەی شار | 82 | 71.75 | | | | |

لە خشتەی (6)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ناوەندی پلەبەندی ناوشار (90.60) نمرەی بەدەستهێناوەو گەورەترە لە ناوەندی پلەبەندی دەرەوەی شار کە (71.75) نمرەی بەدەستهێناوە، هەروەها بەهای تاقیکردنەوەی (Z) نمرەی (-2.569)ی بەدەستهێناوە، بەناوەندی ژمێرەیی (64.90)و لادانی پێوەری (11.658)و بەنمرەی ئازادی (1)و بە بەهای بەڵگەداری (0.010). ئەم داتایەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە سەبارەت بەگرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە رووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ناوشاردا بووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی بیرکردنەوە لای نموونەی توێژینەوەکە.

**ئامانجی سێیەم /** دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە لەلایەن نموونەی توێژینەوەکەوە سوودیان لێوەرگیراوە.

**خشتەی (7)**

**گرنگترین ئەو ئامرازانەی لای نموونەی توێژینەوەکە سوودیان هەبووە**

| ئامرازەکان | دووبارە | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| رۆژنامە | 8 | 1.5 | 11 |
| تەلەفزیۆن | 60 | 10.8 | 5 |
| رادیۆ | 14 | 2.5 | 9 |
| فەیسبووك | 117 | 21.0 | 1 |
| ماڵپەڕی هەواڵ | 39 | 7.0 | 6 |
| واتسئەپ | 33 | 5.9 | 7 |
| ئێکس | 12 | 2.2 | 10 |
| ئینستاگرام | 91 | 16.3 | 2 |
| تیکتۆك | 72 | 12.9 | 4 |
| یوتیوب | 82 | 14.7 | 3 |
| رۆژنامەی ئەلیکترۆنی | 24 | 4.3 | 8 |
| رادیۆی دیجیتاڵی | 5 | 0.9 | 12 |
| کـــــۆ | 557 | 100 | |

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەی (7)دا خراوەتەڕوو، ئەوە دەردەوکەوێت کە بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم سوودیان لە (فەیسبووك)، بەپلەی دووەم لە (ئینستاگرام)، بەپلەی سێیەم لە (یوتیوب)، بەپلەی چوارەم لە (تیکتۆك)، بەپلەی پێنجەم لە (تەلەفزیۆن)، بەپلەی شەشەم لە (ماڵپەری هەواڵ)، بەپلەی حەوتەم لە (واتسئەپ)، بەپلەی هەشتەم لە (رۆژنامەی ئەلیکترۆنی)، بەپلەی نۆیەم لە (رادیۆ)، بە پلەی دەیەم لە (ئێکس)، بە پلەی یا نزدەیەم لە (رۆژنامە)، بە پلەی دوا نزدەیەم (رادیۆی دیجیتاڵی) وەرگرتووە، سەرباری ئەوەی ئامڕازە نوێیەکانی راگەیاندن زۆرترین زانیاری ساختەیان تێدا بڵاودەکرێتەوە، ئەنجامەکە ئەوە نیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە سوودیان لەو ئامڕازانە وەرگرتووە، دەشێ هۆکارەکەشی بۆ گرنگی رۆڵی پەروەردەی میدیایی بگەڕێتەوە کە لای بەشێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە بەباشی بەرجەستە بووە، بەتایبەت کە زۆرینەیان بەرکەوتەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن، خشتەی ژمارە (7) ئەوە دەردەخات کە پەروەردەی میدیایی لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی خوێندکاران بەڕێژەیەکی بەرز ڕۆڵیگێڕاوە. ئەم ئەنجامەش نزیکە لەئەنجامی توێژینەوەی (حاتم، 2024) بەناونیشانی (رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری میدیایی بەرامبەر بەناوەڕۆکی خراپی ئۆنلاینو تەلەفزیۆن)، کە توێژینەوەکە دەریخستووە پەروەردەی میدیایی هۆشیاری خوێندکاران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەرز دەکاتەوەو رێنماییان دەکات چۆن ناوەڕۆکی گونجاو هەڵبژێرنو خۆیان لە ناوەڕۆکی خراپ بەدوور بگرن.

**ئامانجی چوارەم /** دەرخستنی رۆڵی پەروەردەی میدیایی لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی (8)**

**پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) رۆڵی پەروەردەی میدیایی لە لای نموونەی توێژینەوەکە**

| گۆڕاوی پاشکۆ | گۆڕاوی سەربەخۆ | زانیاری ناپێوەری | بەهای (T) | بەهای بەڵگەداری (0.05) | شکانەوەی هێڵی (R2) | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی میدیایی | کۆزانین | 0.864 | 8.078 | 0.00 | 0.991 | 4068.348 | 0.00 |
| | بیرکردنەوە | 0.518 | 4.278 | | | | |
| | شیکردنەوە | 1.299 | 16.251 | | | | |
| | بەرهەمهێنان | 0.749 | 13.458 | | | | |

لەخشتەی (8)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەهای تاقیکردنەوەی (F) لە رێگەی مۆدیلی (Regression model) ئەوە روون دەکاتەوە کە پەروەردەی میدیایی رۆڵی هەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان)، چونکە بەهای بەڵگەداری (0.00) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). هەروەها بەهای شکانەوەی هێڵی (R2) دەکاتە (0.991)، واتە بەڕێژەی (99.1%) پەروەردەی میدیایی رۆڵی هەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) لای نموونەی توێژینەوەکە. ئەم ئەنجامە نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (أحمد وآخرون، 2017) بەناونیشانی (کاریگەری پەروەردەی خوێندەواری میدیا لەسەر بیرکردنەوەی رەخنەیی خوێندکاران)، کە لە

ڕێگەی مێتۆدی ئەزموونگەرییەوە گەیشـــتونەتە ئەو ئەنجـامەی کە پەروەردەی خوێنـدەواری میـدیا کاریگەری هەبووە لەســـەر هەر پێنج کارامەیی (بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، شـیکردنەوە، دەرئەنجام، هەڵسـەنگاندن، هەڵهێنجان‌و پێوانەکردن) لای خوێندکاران.

## دەرئەنجام

توێژەران دوای خســـتنەڕووی ئەنجامەکان‌و شـــیکردنەوەیان گەیشـــتنە ئەم دەرئەنجامانە:

1. ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســـاختەی میدیایی لای خوێنـدکارانی بەشی ڕاگەیانـدنی کۆلێژی زانســـتەمرۆڤایەتییەکان‌و بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ســلێمانی لەئاســـتێکی بەرزدایە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو وانەیە لەپڕۆگرامی خوێندنی زانکۆی سلێمانی تازەیەک نوێیە، ســـەرەڕای ئەوەش ڕۆڵێکی کاریگەری لەســـەر خوێندکاران دروسـتکردووە لە ناسـینەوەی هەواڵی سـاختەو بەئاگابوون لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان.
2. ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ساختەی میدیایی لای ڕەگەزی نێر لە نموونەی توێژینەوەکە باشـــتر دەرکەوتووە بەراورد بەڕەگەزی مێ. دەشـــێت بەشـــێکی بەرتوێژان لە ڕەگەزی مێ وەك پێویســـت وانەی پەروەردەی میدیاییان بەهەند وەرنەگرتبێت، بۆیە هۆشـــیارییەکی کەمتریان هەبووە سەبارەت بەگرنگی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســـاختەی میدیایی، بەڵام ئەوەش ڕوونە کە بەشـــێکی زۆری ڕەگەزی مێ لە نموونەی توێژینەوەکە گرنگیـدانیـان لە ئـاســـتێکی باشـــدایە، کە بێگومـان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکە هەبووە لە ئاست ئەو ڕۆڵەی پەروەردەی میدیایی لـە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی زانیاری سـاختـەی میدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی (ڕەگەز) دەیگێڕێت.
3. گرنگی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســـاختەی میدیایی لای تەمەنی (34) ســـاڵ‌و بەرەوژوور لە نموونەی توێژینەوە باشـــتر گوزارشـــتی لێکراوە بەراورد بەتەمەنەکانی دیکەی توێژینەوەکە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەزموون لەگەڵ تێگەیشـــتن لە پەیامە میـدیاییەکان لە پەیوەندیی بەردەوامدان، بەواتای هەتا ئەزموون زۆرتر بێت، ئەوا ئاســـتی تێگەیشتن پاڵپشت بە پەروەردەی میدیایی زیاتر دەبێت.
4. لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە، خوێندکارانی ناوشار تێگەیشتنیان باشتربووە بۆ گرنگی ڕۆڵ پەروەردەی میدیایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری ســـاختەی میدیایی بەراورد بەخوێندکارانی دەرەوەی شار لە نموونەی توێژینەوەکە.
5. پەروەردەی میـدیایی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبووە لای خوێنـدکارانی نموونەی توێژینەوەکە، چونکە توانیویانە بەپلەی یەکەم سـود لە (فەیســـبووك)و بەپلەی دووەم لە (ئینســـتاگرام)و بەپلەی ســـێیەم لە (یوتیوب)و بەپلەی چوارەم لە (تیکتۆك) و ..تاد وەربگرن، ئەمەش بۆ گرنگی ڕۆڵی پەروەردەی میـدیایی دەگەڕێتەوە،کە لای بەشـێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە بەباشی بەرجەسـتە بووە بەتایبەت کە زۆرینەیان بەرکەوتەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن، ئەمەش لەو دیدەوە بەرجەســـتە دەبێت کە پەروەردەی میدیایی لە پەرەپێدانی کارامەییەکان لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەیەکی بەرز ڕۆڵیانگێڕاوە.
6. پەروەردەی میدیایی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لەپەرەپێدانی کارامەییەکانی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شـــیکردنەوە، بەرهەمهێنـان)ی پەیامی میـدیایی لای نموونەی توێژینەوەکە.

## ڕاسپاردەکان

توێژەران دوای خســتنەڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند ڕاســپاردەیەك دەخەنەڕوو:

1. وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی گرنگی زیاتر بدات بەخوێندنی پەروەردەی میـدیایی لەســـەر ئـاســـتی هەردوو بەشی ڕاگەیانـدن لەکۆلێجی زانســتەمرۆڤایەتییەکان‌و بەشی باخچەی منداڵان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ســلێمانی، چونکە بەهۆی پێشـکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیاو میدیا، بڵاوکردنەوەی زانیاری سـاختە زیاتر پەرەی سـەندووە، پێویسـتە خوێندکاران هۆشیاری پێویستیان لەم بارەیەوە هەبێت.
2. بەگەڕخسـتنی هەوڵەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانسـتی-وە بۆئەوەی خوێندنی پەروەردەی میدیایی بکرێتە وانەیەکی ســەرەکی‌و لەســـەر ئاستی سەرجەم کۆلێژو بەشەکانی زانکۆی سلێمانیدا بخوێنرێت.
3. پێکهێنـانی لیژنەیەکی زانســـتی پســـپۆڕ لە لایەن وەزارەتی خوێنـدنی باڵاو توێژینەوەی زانســتی، بەمەبەسـتی دانانی سـتراتیژ و پڕۆگرامێکی دیاریکراو لەبارەی پەروەردەی میدیایی کە زیاتر جەخت لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی (کۆزانین، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، بەرهەمهێنان) بکاتەوە.

## پێشنیازەکان

دوای خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان، توێژەران بەئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان چەند پێشنیازێك دەخەڕوو.

1. ئەنجـامـدانی توێژینەوە دەربارەی کاریگەری خوێنـدنی پەروەردەی میـدیایی لەسەر بەرکەوتنی تاک بەهەرسێ ئاستی (زانیاری، ڕەفتاری، ویژدانی).
2. بەرکەوتنی خوێندکارانی بەشـــەکانی ڕاگەیاندن بەهەواڵی ســـاختەو پەیوەندی بەکارامەیی پەروەردەیی میدیاییەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

## سەرچاوەکان

### یەکەم / کتێب


أبوعزام، محمد خالد. (2020). التربية الإعلامية. دار زهدى للنشر والتوزيع. ط.1. عمان.

إمبابي، علي. (2007).الإعلام التربوي المقروء في المؤسسة التعليمية. العلم والإيمان للنشر والتوزيع. ط.1. مصر

بكار، عبدالكريم. (2011). حول التربية والتعليم. دار القلم. ط.3. ديمشق.

الجبوري، سـيف الدين خلف حسـين. (2024). التربية الإعلامية والتربية الرقمية: دليل علمي ومنهجي وتطبيقي للوصول والإبحار الأمن في الفضاءين الإعلامي والافتراضي الرقمي. فضاءات الفن للطباعة والنشر. ط1. بغداد.

حسن، أحمد جمال. (2015). التربية الإعلامية. دار المعرفة للطباعة والنشر. ط.1. المنيا.

الحمداني، بشرى حسين. (2015). التربية الإعلامية ومحو الأمية الرقمية.دار وائل للنشر والتوزيع. عمان.

ختاتنة، سامي محسن. (2015). علم النفس الإعلامي. دار المسيرة للنشر والتوزيع. ط.2. عمان.

الشـميري، فهد بن عبدالرحمن. (2010). التربية الإعلامية: كيف نتعامل مع الإعلام؟. فهرسـة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر. ط.1. الرياض.

الطعاني، سليمان. (2020). الوجيز في التربية الإعلامية. دار الخليج للنشر والتوزيع. ط.1. عمان.

عبدالحميد، محمد. (2004). نظريات الإعلام واتجاهات التأثير. عالم الكتب للنشر والتوزيع. القاهرة.

العربية، مجموعة اللغة. (2008) معجم المصطلحات الإعلامية. ط.1. القاهرة.

القرني، علي. (2018). زيفية الأشـياء : تلوث الحواس في عصر الاتصال الجماهيري. الانتشـار العربي للنشر والتوزيع. ط.1. لبنان.

منصور، حسن محمد. (2019). التربية الإعلامية الجديدة: المداخل النظرية والأساليب التطبيقية. مكتبة المتنبي للنشر والتوزيع. ط1. الرياض.

Buckingam, David. (2001). Media Education: A Global Strategy for Development. A Policy Paper Prepared for UNESCO, Section of Communication and Information. March. P. 8-12.

Fastrez, Pierre and Landy, Normand. (2024). Media Literacy and Media Education Research Methods. First published by Routledge. 605 Third Avenue, New York, NY 10158.

Frechette, Julie and Williams, Rob. (2016). Media Education for a Digital Generation. Published by Routledge.711 Third Avenue, New York, NY 10017.

Fedorov, Alexander. (2008). On Media Education. Moscow: Published by ICOS UNESCO IFAP (Russia). 156p.

Ireton, Cherilyn and Posetti, Julie. (2018). Journalism, 'Fake News' & Disinformation. Published by the United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, 7, place de Fontenoy, 75352 Paris 07 SP, France.

Parola, Alberto and Ranieri, Maria. (2010). Media Education in Action: A Research Study in Six European Countries. Published by Firenze University Press. 150p. Italy

## دووەم / توێژینەوەکان

أحمد، نهلة رمضـان والغمري، هند. (2022). دور وسـائل الإعلامية الجديدة في تعزيز مفهوم التربية الإعلامية لدى الشـباب. مجلة العربية لبحوث الاتصـال والإعلام الرقمي. المجلد1. العدد2. ص13-62.

https://ajscd.journals.ekb.eg/article_294667.html

إبراهيم، دالين وصـبيرة، فلك. (2022). دور التربية الإعلامية في تنمية الوعي نحو المضـامين الكاذبة والمضـلّلة في مواقع التواصـل الاجتماعي. منشـورة في المؤتمر العلمي الدولي الافتراضي الأول: الدراية الإعلامية والمعلوماتية في العصر الرقمي. جامعة قاصـدي مرباح ورقلة.كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية. قسم علوم الإعلام والاتصال.

دور التربية الإعلامية في تنمية الوعي نحو المضامين الكاذبة والمضلّلة في مواقع التواصل الاجتماعي | Daleen Al-Ibrahim - Academia.edu

أحمد، جواد عبدلى سـلطان وعليزاده، رقيه وحداد، زهرا. تاثير آموزش سـواد رسـانه اى بر مهارت هاى تفكر انتقادى دانش آموزان. مطالعات رسـانه اى. المجلد13. العدد1. ص119-134.

sid.ir/paper/211829/خريد اقساطى گوشى آيفون 14

بنى خلف، هشام أحمد سالم وبني خلف، ميساء محمد سالم. (2019). دور مدير المدرسة الثانوية في تفعيل الانشـطة اللاصـفية في محافظة شرورة. مجلة العلوم التربوية والنفسـية – المجلة العربية للعلوم ونشر الأبحاث. المجلد3. العدد9. ص37-53. فلسطين.

https://journals.ajsrp.com/index.php/jeps/article/view/876

جميلي، زينب وصيد، عادل. (2024). التربية الإعلامية الرقمية كمتطلب لحماية المشـتركين داخل الميتافيرس. مجلة المعيار. المجلد28. العدد1. ص224-240.

https://asjp.cerist.dz/en/article/237894

حاتم، كرار محمد. (2024). دور التربية الإعلامية في رفع الوعي الإعلامي إزاء المضـامين التلفزيونية الاليكترونية الهابطة. مجلة العلوم الأساسية. المجلد13. العدد21. ص527-555.

https://bsj.uowasit.edu.iq/index.php/bsj/article/view/613

سـالم، أميرة حسـن. (2018). دور وسـائل الإعلام الجديد في نشر مفهوم التربية الاعلامية لدى طلاب اقسـام الإعلام التربوي بالجامعات المصريـة. المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتلفزيون. العدد16. ص301-346

https://ejsrt.journals.ekb.eg/article_117346.html

علي، هاجر عبدالله جاد الله. (2023). دور التربية الإعلامية في تعزيز وعي المتلقي: دراسـة مسـحية على عينة من طلاب قسـم الإعلام والاتصـال بجامعة الملك خالد. مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية. المجلد8. العدد1. ص52-77.

https://journals.ajsrp.com/index.php/jhss/article/view/7278

علي، إيمان سـيد. (2020). اتجاهات النخبة الأكاديمية نحو تفعيل مبادئ التربية الإعلامية لدى طلاب الجامعات.مجلة البحوث الإعلامية، جامعة الأزهر، كلية الإعلام.المجلد55. ج6. ص3917-3964.

https://journals.ekb.eg/article_132554.html

عبدالرزاق، سـماح علي. (2023). دور التربية الإعلامية في تدعيم القيم لدى الطلاب. مجلة كلية التربية. جامعة بني سويف. العدد نيسان، الجزء الثالث. ص846-86.

https://zendy.io/pdf-viewer/10.21608%2Fjfe.2023.338651

عبدالرحمن، كاوه عزالدين ومحي الدين، جوان جلال الدين وفتح الله، ابراهيم سـعيد. (2019). دور الإعلامية الجديد في تعزيز أنماط المواطنة في اقليم كوردسـتان العراق: دراسـة مسـحيـة على عينـة من الكوادر الحزبيـة. مجلة جـامعـة راپەرین.المجلد6. العدد2.ص175-200.

https://www.researchgate.net/publication/338894692_dwr_alalam_aljdyd_fy_tzyz_anmat_almwatnt_fy_aqlym_kwrdstan_alraq

العطواني، عبدالحسين كاظم مريخ. (2018). التضليل الإعلامية في بث المعلومات. مجلة الباحث الإعلامي. المجلد10. العدد40. ص107-130.

https://abaa.uobaghdad.edu.iq/index.php/abaa/article/view/47/version/15

عيسى، فريدة آيت. (2016). التربية الإعلامية والثقافة التشاركية. المجلة التراث. المجلد6. العدد22. ص57-67.

https://asjp.cerist.dz/en/article/112462

مرتضـوي، خولة. (2020). التربية الإعلامية في المرحلة الجامعية: المفهوم والأهداف. دورية نماء للبحوث والدراسات. العدد8-9. ص188-201.

التربية الإعلامية في المرحلة الجامعية : المفهوم و الاهداف(emarefa.net)

مدفوني، جمال. (2018). وسائل الإعلام والمجتمع ... التربية الإعلامية لمواجهة التضليل. مجلة العلوم

الانسانية لجامعة أم البواقي. المجلد5. العدد2. ص163-178.

https://www.asjp.cerist.dz/en/article/75405

محمود، ولاء محمود عبدالله. (2017). التربية الإعلامية مدخل لنشر الثقافة المدنية بمرحلة التعليم قبل الجامعي: رؤية مقترحة. مجلة كلية التربية، جامعة بنها. المجلد28. العدد111. الجزء 4.

التربية الإعلامية مدخل لنشر الثقافة الإعلامية رؤية مقترحة(researchgate.net)

نبار، ربيحة. (2017). دور التربية الإعلامية في مواجهة سلبيات الإعلام على الطفل. مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والإجتماعية. المجلد8. العدد2. ص 77-88.

https://www.asjp.cerist.dz/en/article/98588

ناصر، نهى السيد أحمد. (2016). التربية الإعلامية ودورها في بناء شخصية المعلم. المجلة العلمية لكلية التربية النوعية. المجل3. العدد6. ص817-840.

https://molag.journals.ekb.eg/article_187621.html

Blanco Herrero, D., Castillo-Abdul, B., & Romero-Rodríguez, L. M. (2023). Patterns and Actors of Disinformation: Analysis of Debunked Hoaxes in Spain in 2022. KOME – An International Journal of Pure Communication Inquiry, 11(2), 49–67.

https://folyoirat.ludovika.hu/index.php/kome/article/view/7076

Chen, Kelin and Luo, Yuni and Hu, Anyang and Zhang, Liwei. (2021). Characteristics of Misinformation Spreading on Social Media During the COVID-19 Outbreak in China: A Descriptive Analysis. Risk Manag Healthcare Policy. May 10; 14:1869–1879p.

https://doi.org/10.2147/RMHP.S312327

Erstad, Ola and Amdam, Synnøve. (2013). FROM PROTECTION TO PUBLIC PARTICIPATION. Javnost the Public. Vol.20, No.2, pp. 83-98.

https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13183222.2013.1100911 5

Juan Camilo, Hernández-Rodríguez and Óscar Iván, Londoño Pardo. 2023). The contents, actors and interests behind fake news. An analysis of hoaxes verified in Spain and Colombia.

https://comunicacionysociedad.cucsh.udg.mx/index.php/comsoc/article/view/e8518

Obasi, Heavens Ugochukwu. (2025). The Role of Media Literacy in Combating Misinformation: Exploring the effectiveness of media literacy programs in enhancing critical thinking skills and reducing the spread of false information: A Literature Review. MRS Journal of Arts, Humanities and Literature. Volum2. Issue3.

https://zenodo.org/records/14964028

Oxstrand, Barbo. (2009). MEDIA LITERACY EDUCATION- A discussion about Media education in the Western countries, Europe and Sweden. Paper presented at the Nordmedia09 conference in Karlstad University, Sweden:

https://core.ac.uk/outputs/16326505/?source=oai